سیاسی



هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەرفەتێك بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکان

سیاسی




بە بۆنەی ۱ی مەی، رۆژی جیهانی کرێکار

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە ٥٠٩

www.kurdistanukurd.com

سێ شەممە ١٥ی بانەمەڕ ١٣٨٨ - ٥ی مەی ٢٠٠٩ - ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کوردستانی



هیچ کام لە دراوسێیەکانی عێراق نایانهەوێ ئەم وڵاتە بەهێزو یەکگرتوو بێ

کۆمەڵایەتی



ژنان قوربانیانی نایەکسانی لە بازاڕی کاردا

## خالید عەزیزی:

# ئیدارەی نوێی ئەمریکا خەریکە لە کێشە لەگەڵ ئێران بە جۆرێك خامنەیی بێنێتە نێو گەمەکان



وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی لێدوانەکەیدا زیادی کرد کە ئێران دوو رێگەی لەبەردەم دایە، ئەوەیش یا دەچێتە خانەی دانوستان و پێکهاتن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئەمە لە خۆیدا جۆرێك پاشەکشەیە و کۆمەڵێك دەرنجامی نێوخۆیی لێدەکەوێتەوە، یا ئەوەیکە وڵامی داخوازییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناداتەوەو لەسەر پرۆژەکەی خۆی سوور دەبێ . لەم حاڵەتەش دا ئۆباماو ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەستی زۆر ئاوەڵاترە لەچاو ئیدارەی پێشوو بۆ ئەوەیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر دژی ئێران هان بدا و بەو جۆرە ئێران بەرەوڕووی کۆمەڵێك کێشەی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتیی جیددی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە.

**"کوردستان" بەشی سیاسی:** وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پێشنیارە نوێیەی گرووپی ١+ ٥ بە ئێران (واتە وتووێژی بێ مەرجی ١+ ٥ بە تایبەت ئەمریکا لەگەڵ تاران) لە لێدوانێکی تایبەت دا بە "کوردستان"ی رایگەیاند کە لە نێو ئیدارەی نوێی ئەمریکادا باسی ئەوە لە گۆڕێ دایە کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئێران دا بە جۆرێك رێبەری ئێران (عەلی خامنەیی) کە خاوەن دەسەڵاتێکی رەهایە بهێنێتە نێو گەمەکەوە.

خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی کە رێبەر لە ئێران لە سەرەوەی هەموو قانوونێکەو قسەی یەکەم دەکا باسی چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە شەری هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران کە بە بڕیاری خومەینی کۆتایی پێهات و وتی: بە پێی ئەوەی لە ئێران سەرکۆمار لە سیاسەتی گەورە(کەلان)دا کە پێوەندیی بە ئەمنییەت و بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێ هیچ دەسەڵاتێکی نیەو بڕیاری سەرەکی و یەکلاکەرەوە لەو بارەوە لە لایەن رێبەری ئەو وڵاتەوە دەردەچێ، ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە هەوڵی ئەوە دایە کە عەلی خامنەیی بێنێتە نێو گەمەکەوەو وەك کەسی سەرەکی لە کێشەی لەگەڵ ئێراندا مامەڵەی لەگەڵ دا بکا. عەزیزی لەمەڕ پێشنیاری نوێ وڵاتانی ١+٥ بە ئێران کە بە بێ مەرج لە سەر کێشەی ناوکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران دیالۆگ بکرێ ئاشکرای کرد کە ئەو پێشنیارە لەو پێناوە دایە کە جۆرێك متمانە بە ئێران بدرێ بۆ ئەوەی لە ئاکامدا بیهێنێتە نێو کۆمەڵێك بنەماو یاساو گەمەی نێونەتەوەیی و لەو چوارچێوەیەدا هەوڵ بدەن بە بنبەستی بگەیەنن و ئەمەش جۆرێك کارئاسانییە بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە پێوەندی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئێراندا کە بەگشتی ئێران لە مەیدانێکی بەربەرینی قانوونی، دیپلۆماسی و ئەمنییەتی لەسەر ئەو کێشەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوەو ناچار بە هەڵبژاردنی ئالتێرناتیڤێك بێ.

## کوردو گەمەی هەڵبژاردن

**عەولا بەهرامی**

بە نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری ناونووسیی کاندیداتۆرەکانیش دەستی پێ کردوە. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە:

– تا ئێستا هیچ کام لە کاندیداکان نە بەرنامەیەکی سیاسی و ئابوورییان خستۆتە بەردەم خەڵك و نە باسیان لە گۆڕانکاریی تارادەیەك بەرچاو لە سیاسەتەکانی رێژیم دا کردوە.

– وەك هەموو خولەکانی پێشوو لەم خولەشدا بوار بۆ دەرکەوتنی کاندیدای سەربەخۆ کە هەڵگری بەرنامەی گۆڕانکاریخوازانە بێ نەرەخساوە.

– کۆسپە قانوونییەکانی بەردەم کاندیداتۆریی سوننی مەزهەبەکان هەر لە جێی خۆیەتی و...

ئەگەر لە گۆشەنیگای کوردیشەوە بڕوانین ژمارەیەك لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن روانگەیەکی نوێتریان سەبارەت بە هەڵبژاردن هێناوەتە گۆڕێ و بە جۆرێك داوایان لە کاندیداکان کردوە ئەگەر وڵامی داخوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بدەنەوە، هەڵوێستێکی جیاواز لە تەحریم دەگرنەبەر. سەرەڕای ئەوە چەند دەستە لە بژاردەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان هێندێك داواکاریی فەرهەنگی و ئیدارییان گەلاڵە کردوەو بەتایبەت خستویانەتە بەردەم کاندیداکانی ئەو قۆڵەی خۆی بە ریفورمخواز دەناسێنێ. بەو حاڵەش ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە هیچ کام لەو کاندیدایانە نەیانویستوە خۆ لە قەرەی داواکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بدەن. ئەوەش نیشانەی ئەو راستییەیە کە هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ئێستاش نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوەی گۆڕانی زۆر بچووك و زۆرتر بۆتە مەیدانی ململانێی قۆڵەکانی نێو دەسەڵات.

بە پێی ئەو ناسینەی کورد لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی هەیەو بە ئاوڕدانەوە لە روانگەی دوژمنکارانەو سەرکوتکەرانەی ئەم رێژیمە سەبارەت بە کوردستان رەنگە شتێکی دەگمەن و دوور لە چاوەڕوانی بنوێنێ کە بەشێك لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و بەشێك لە چالاکانی سیاسی و بژاردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان روانگەیەکی نوێتر سەبارەت بە هەڵبژاردن - ئەویش هەڵبژاردنی سەرکۆماری - بگرنەبەر.

روانگەیەکی ئەوتۆ لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە پێمان وابێ دەکرێ چاوەڕوانی موعجیزە لە فلان یان فیسار کاندیدا بکرێ یان لە پڕێك روانگەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستان و بزووتنەوەی کورد بگۆڕێ. ئەم روانینە نوێیە لە روانگەیەکی دیکەی کاری سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی وایە کورد دەبێ لە گەمە سیاسییەکاندا ئامادەیی هەبێ و لە پەراوێزدا چاولێکەری رووداوەکان نەبێ یان چاوەڕوانی ئەوە نەبێ لە ناوەندی دەسەڵات گۆڕانێك دروست بێ و کاردانەوەی لە سەر ناوچە پەراوێزییەکان هەبێ. بە پێی ئەو روانگە نوێیە ئەگەریش کورد هەر ناچار بێ هەڵبژاردنەکان تەحریم بکا، باشتر وایە بە شێوەیەك تەحریمی بکا کە لە لایەك قورسایی کوردی تێدا دەرکەوێ و لە لایەکی دیکەش هەزینەی تەحریمێکی قورس بخەنە سەرشانی دەسەڵات.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان و بزووتنەوەی کورد ئەگەر بیهەوێ تارادەیەك لە ژێر قورسایی تاراوگەنشینی و دوورکەوتنەوە لە فەزای سیاسیی ئێران و کوردستان بێتە دەرێ و تەنانەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆش بووبێ لە بوارە بەرتەسکە قانوونییەکان کەڵك وەرگرێ، پێویستە خۆی بخزێنێتە نێو گەمە سیاسییەکانەوە.

## حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێرشی هەوایی ئێرانی مەحکووم کرد

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێك دا کە رۆژی یەك شەممە ١٣ی بانەمەڕ بڵاوی کردۆتەوە هێرشی هەوایی ئێران بۆ سەر گوندە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی مەحکووم کردوە و داوای لەو وڵاتە کردوە کۆتایی بەم هێرشانە بێنێ.

لەم بەیاننامەیەدا هاتوە کە ئەم هێرشە بۆتە هۆی راکردنی خەڵك لە شوێنی نیشتەجێبوونیان.

تۆپخانەکانی ئێران بەرەبەیانی رۆژی شەممە(١٢ی بانەمەڕ) گوندەکانی کانی سێف، بانی سێر، هێرۆ، نەرمەڵاس لە ناوچەی پێنجوێن توپباران کرد و بە دوای ئەودا هێلی کوپتێرەکانی هێزی ئاسمانیی ئێران ئەو گوندانەیان بوردمان کرد.

لە ماوەی چەند ساڵی دوایی دا ئەمە یەکەم جارە ئێران ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی هەوایی بوردمان بکا، بەڵام ئەم ناوچانە نیوە نیوە لە لایەن توپخانەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەشی ئێرانەوە توپباران کراون.

هەرچەند تاران رایگەیاندوە ئامانج لەو توپباران و بوردمانانە لێدانی بنکەکانی هێزەکانی پژاك بووە، بەڵام کاربەدەستانی ناوچە رایان گەیاندوە ئەم شوێنانەی بوردمان کراون بنکەی ئەو هێزانەی لێ نیە.



## دەسەڵاتدارانی سوریا ٧ مێرمنداڵی کورد دادگایی کرد



دادگایەکی سوریە ٧ مێرمنداڵی کوردی بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی و ئاگر کردنەوەی لە نەورۆزی ئەمساڵدا، لە پارێزگای حەسەکە دادگایی کردو چاوەدێرانی سیاسییش پێیان وایە پەلکێشکردنی منداڵ بۆ نێو قەفەسی دادگا، تاوانێکی گەورەیە کە دژ بە مافی منداڵان ئەنجام دەدرێ.

لەو بارەیەوە شەلال گەدۆ ئەندامی سەرکردایەتیی و نوێنەری پارتی چەپی کوردی سوریە لە هەرێمی کوردستان بە رادیۆ نەوای راگەیاند: دادگاییکردنی منداڵان بە تۆمەتی سیاسی و ئاژاوەگێڕی جگە لە رێژیمی سوریە هیچ وڵاتێکیتر جێبەجێی ناکا بۆیە پێویستە سنوورێك بۆ ئەم رەفتارە دابنرێ.

جێی ئاماژەیە لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی سوریە رەوتی راوەدونان و دەستگیر کردنی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستانیان چڕ کردۆتەوەو لە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ کوردیان بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیر کردوە.

## ٨٠ لە سەدی خەڵکی تاران لە ژێر هێڵی هەژاری دان

سەید جەواد زەمانی ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ ئاژانسی هەواڵنێری مێهردا وتی: ئەگەر هێڵی هەژاری لە تاران دا بە ٨٥٠ هەزار تمەن دابنێین ئەوە ٧٠ تا ٨٠ لە سەدی تارانییەکان لە ژێر هێڵی هەژاری دان.

زەمانی سەبارەت بە دیاریکردنی هێڵی هەژاری لە شارەکانی دیکەدا وتی: دەبێ هێڵی هەژاری بە پێی بارودۆخی شارەکان دیاری بکرێ.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن دابین نەکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی خۆراك، لەشساغی، پەروەردەیی، خانوو و ماشێن بۆ هەر بنەماڵەیەك نیشانەکانی هێڵی هەژارین.

لەو نێوەدا لانیکەمی خۆراکی هەر بنەماڵەیەکی ئێرانی دوو هەزار کالۆری لە رۆژێك دایە کە ئەوەش پێوەری دیاری کردنی هێڵی هەژارییە لە ئێران دا.

بە باوەڕی کارناسان دیاری کردنی داهاتی یەك دۆلار لە رۆژدا زانستی نیەو دەبێ وەزارەتی " رفاه" بە پێی داهاتی دوو دۆلار لە رۆژدا هێڵی هەژاری دیاری بکا.



زەمانی وتی: دەبێ لە پێشدا دیاری بکرێ کە بە چ پێوانەیەك هێڵی هەژاری لە تاران ٨٥٠ هەزار تمەنە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە خەرجی دابین کردنی بژیوی رۆژانە لە تاران دا گرانە ئەگەر ئەوە راست بێ ئەوە ٧٠ تا ٨٠ لە سەدی خەڵکی تاران لە ژێر هێڵی هەژاری دان.

حسێن راغفەر داڕێژەری نەخشەی هەژاریی ئێران، ٨٥٠ هەزار تمەن بۆ هێڵی هەژاریی لە تاران راگەیاندو وتی هێشتا ئەوە لە رادەی راستەقینەی خۆی کەمترەو ئەگەر بە پێی هەڵاوسانی ئابووری و بوونی خوێندکارو قوتابی لە بنەماڵەکان دا حیساب بکرێ، هێڵی هەژاری زۆر زیاتر لە ٨٥٠ هەزار تمەن بۆ بنەماڵەیەکی ٥ کەسییە.

زەمانی وتی خەرج لە تاران هێندە گرانە کە کارمەندەکان تەنیا دەتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکان دابین بکەن.

زەمانی هەروەها وتی کە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە مەجلیس دا بابەتی دیاری کردنی هێڵی هەژاری دێنینە بەرباس تا وەزیری "رفاه" هەرچی زووتر هێڵی هەژاری لە ئێران دا رابگەیەنێ.

# حوکمی زیندانی ڕۆژنامەوان کەماڵ شەریفی لە دادگای پێداچوونەوەدا تەئید کرایەوە



حوکمی ۳۰ ساڵ بەندکرانی چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوان کەماڵ شەریفی لە دادگای پێداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پەسەند کراوەتەوە و وێڕای ئەوەش بڕیاری دوورخستنەوە بۆ زیندانێک لە باشووری ئێرانی بە سەردا سەپاوە .

پاش چەند مانگ چاوەڕوانی بۆ داشکانی حوکمی ۳۰ ساڵ بەندکرانی ڕۆژنامەوان کەماڵ شەریفی، لە دادگایەکی فۆرماڵیتە بە بێ بەشداریی خۆی یان پارێزەرەکەی، نەک حوکمەکە بۆ جارێکی تر پەسەند کرایەوە تەنانەت ئەمجارە ناوبراو بۆ زیندانی میناب دوور خرایەوەو بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕەوانەی ئەو زیندانە بکرێ.

لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای ئەوە کە نیزیک بە ساڵێک بەسەر بەندکرانی ئەو هاوکارەی بۆرۆژهەڵاتدا تێپەڕ دەبێ، تا ئێستا ئیزن بە بنەماڵەکەی نەدراوە کە چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێ و تاکە یەکجار توانیویانە بە تەلەفۆن قسەی لە گەڵ بکەن و بە پێی هێندێک زانیاریی پشتراست نەکراوە ئەو حوکمەی کە بەسەر کەماڵ شەریفی دا سەپاوە، حوکمی ۳۰ ساڵ زیندان بە بێ ئیزنی ملاقاتە. لەم بارەوە بنەماڵەی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەندکراوە بە جیددی نیگەرانی خۆیان ڕادەگەیەنن و داوا لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەکەن کە بە دژی ئەو هەڵسوکەوتەی کاربەدەستانی ئێران دەنگی نارەزایەتیی خۆیان بەرز بکەنەوە.

# دیداری حدك لە بریتانیا لەگەڵ لۆرد ئێڤیبری



کاتژمێر ۳ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ۲۱ی ئاوریلی ۲۰۰۹ بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریتانیا چاوی بە لۆرد ئێریک ئێڤیبری، جێگری سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلمانی لۆردەکانی بریتانیا کەوت.

لەو دیدارە دا کە کاتژمێرو نیوێکی خایاند ، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی لەگەڵ لۆرد ئێڤیبری هێنایە گۆڕێ. نوێنەری حیزب باسی لە بەردەوابوونی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی کرد و لە دوایین جنایەتەکانی ڕێژیمی ئێران و بە تایبەت بارودۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی و گرتن و ڕاپێچکردنی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری ڕۆژنامە نوسان، چالاکانی مەدەنی و ژنان، گیرانی لاوان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان وئەشکەنجەدانیان لە ناو چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم و ئیعدامی زیندانیان بە تۆمەتی هەڵبەستراوی جۆراوجۆر، بۆ جێگری سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلمانی لۆردەکانی بریتانیا دووا.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکە دا نوێنەری حیزب باسی لە وەزعیەتی ئەو کۆمەڵە لە پەنابەرانی کورد لە تورکیەی کرد کە ساڵانێکی زۆرە لەوێ ماونەوە و سەرەڕای ئەوەی کە لەلایەن ڕێکخراوی یوئێنەوە وەکوو پەنابەر وەرگیراون، بەڵام دەوڵەتی تورکیە ئیزنی ڕۆیشتن بۆ وڵاتانی ئوروپاییان پێ نادەن و ئێستا ئەوان لە وەزعیەتێکی زۆر خراپی ڕۆحی دا ژیان تێپەڕ دەکەن.

لە بەسێکی دیکەی دیدارەکەی دا لە گەڵ ئێریک ئێڤیبری، جێگری سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلمانی لۆردەکانی بریتانیانوێنەری حیزب لەم وڵاتە، بەڕێز مەولود سوارە وێڕای باسکردن لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری لە ئێران، لە پێوەندی لە گەڵ قسەکانی سەرۆکۆماری ئێران لە کۆبووتەوەی ژنێڤ، ئەحمەدی نژادو جۆری ڕوانینی ناوبراوی بۆ مەسەلەکان بە پڕمەترسی وەسف کرد.

تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە هەڵبژاردنی ئەو دواییانەی شارەوانیەکانی تورکیە بوو کە تیایدا کوردەکان سەرکەوتنێکی بەرچاویان بە دەست هێنا، بەڵام بە داخەوە وڵامی تورکەکان بۆ ئەم سەرکەوتنەی خەلکی کورد گیران و قۆڵبەست کردنی دەیان کەس لە ئەندامانی (دتپ) بوو.

لۆرد ئێڤیبری لەگەڵ نیگەرانی لە گیرانی لاوانی کورد لە تورکیە دوای هەڵبژاردن، خۆشحاڵی خۆی لە ڕێژەی وەدەست هێنانی شارەوانیەکان لەلایەن کوردەکانەوە دەربڕی و وتی کە تازە چاویان بە ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتی کەوتوە و هیوای خواست کە تورکیە ئەو ئاڵ و گۆڕانە بە هێند وەربگرێ و مەسەلەی کورد چارەسەر بکات.

شایانی باسە لەو دیدارە دا کە زیاتر بە مەبەستی دیدار نوێ کردنەوە بوو، نوێنەری حیزب لیستێک لە ناوی زیندانیانی سیاسی و ئێعدام کراوانی کورد لە ئێرانی پێشکەش بە لۆرد ئێریک ئێڤیبری، جێگری سەرۆکی مافی مرۆڤ لە پارلمانی لۆردەکانی بریتانیا کرد.

# لە دەبیرستانەکانی شاری سونقور مادەی هۆشبەر بڵاو دەکرێتەوە



لە دەبیرستانەکانی شاری سونقور لە پارێزگای کرماشان لە لایەن یەکێك لە مامۆستاکانەوە مادەی هۆشبەر لە نێو قوتابیان بڵاو دەکرێتەوە.

بە پێی ئەم هەواڵە ئەمیر عومران کە خەڵکی شاری ئیسفەهانەو جانبازە، لە دەبیرستانەکانی شاری سنقور مادەی هۆشبەر لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاو دەکاتەوە. پاش نارەزایەتی بنەماڵەی قوتابیان و تۆمارکردنی سکاڵا لە سەر ئەو بەنێو مامۆستایە، ناوبراویان وەکوو سزا تەنیا لە دەبیرستانێکەوە بۆ دەبیرستانێکی دیکەی ئەو شارە نەقڵ کردوە.

# دەسبەسەرکرانی سێ لاوی بانەیی



لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ۳ لاوی بانەیی‌یان دەسبەسەر کردوەو تا ئێستاش لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەك لەبەر دەستدا نیە.

بە پێی ئەم هەواڵە هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم شەوی ۱۱ بانەمەڕ لە گوندی نجنێی سەروو ۲ لاوی ئەو گوندەیان بە ناوەکانی "عوسمان ئەحمەدی" و "عەبدوڵڵا ئەحمەدە شاخە" دەسبەسەر دەکەن و لەگەڵ خۆیان بۆ شوێنێکی نادیار دەبەن. بە گوێرەی زانیارییەکان تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو دوو لاوە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە چارەنووسی کوڕەکانیان لەبەر دەستدا نیەو بەرپرسانیش ئامادە نەبوون هۆکاری دەسبەسەر کردنیان بۆ بنەماڵەکانیان ڕوون بکەنەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ دەسبەسەرکرانی لاوان لە شاری بانە شەوی ۹ بانەمەڕ مەئموورانی ئیتلاعات لاوێکی ۲۵ ساڵە بە ناوی "خالید محەممەدزادە" لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر دەکەن و هەروەها هەندێك کەلوپەلی تایبەتی ناوبراو وەکوو کۆمپیوتێرو کتێب لەگەڵ خۆیان دەبەن. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ زانیارییەك لە بارەی چارەنووسی ناوبراویش لەبەر دەستدا نیە.

# بۆ یەکەم جار لە سویس کۆڕێك لە سەر کێشەی پەنابەرانی کورد بەڕێوە دەچێ

بۆ یەکەم جار لە سوئیس کۆڕێك لە سەر کێشەی پەنابەرانی کورد بە بەشداری چەند بەرپرسێکی کاروباری پەنابەری لەو وڵاتەو هەروەها چەند مافناس و چەند کەس شارەزا لە سەر کێشەی کورد بەڕێوە دەچێ.

ڕێکخراوی کلتووری کورد لە سوئیس کە ئامادەکاری بۆ ئەم کۆڕە کردووە، لە ئاگادارییەك دا داوا لە سەرجەم کوردستانییەکانی دانیشتووی سوئیس دەکا کە لەو کۆڕەدا بەشدار بن، چوونکە چەند بەرپرسێکی کاروباری پەنابەری سوئیس و هەروەها چەند مافناسێکی ئەو وڵاتە لەو کۆڕەدا قسە دەکەن و گوێ بۆ ڕەخنەو بیروبۆچوونی بەشداران دەکەن و دەیانەوێ ئاگاداری دۆخی پەناخوازانی کورد بن.

ڕێکخراوی کلتووری کورد لە سوئیس ڕایگەیاندووە کە ئامانج لە بەستنی ئەو کۆڕە ئەوەیە کە: "ئۆرگانە پێوەندیدارەکان بە کێشەی پەنابەران ڕاستەوخۆ لە زاری کەسانی شارەزای کوردو نوێنەری پەنابەران لە کێشەی پەنابەرانی کورد ئاگاداربن و هەروەها پەنابەرانی کوردیش زیاتر شارەزای یاساکانی وڵاتی سوئیس بن."

لەو کۆڕەدا چەند کەس لە نوێنەرانی پەنابەران قسە دەکەن و هەروەها ئەو کەسانەی کە وتار پێشکەش دەکەن بریتین لە:

- ئەندازیار ئاسۆ پیرۆتی، بەر هەر دوو زمانی کوردی و فەرانسەوی باس لە کێشەی کوردو هەروەها هۆکارەکانی ئاوارەبوونی کوردەکان دەکا.

- دوکتور هانس یۆرگ فۆگێل یاساناس، لە سەر ژیانی پەنابەران لە سوئیس قسە دەکا.

– عەلی چەلیك لە سۆسیال ئاربایتەرو شارەزا لە بواری مافەکانی پەنابەران.

– خاتوو ترودی مان لە میگراسیۆنی کانتۆنی لوزێرن و شارەزا لە بواری کێشەی پەنابەران.

ناوو نیشان:
BruderKlaus
Kirche
,Pilatusstrasse 13
. 6010 Kriens[

# هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکان

حەسەن شێخانی

هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا لەگەڵ واتای باوی ئەم چەمکە لە وڵاتانی دێموکراتیکدا جیاوازی هەیە. لە راستیدا هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەی گواستنەوەو جێگۆڕکێی دەسەڵاتە کە لە سەر چۆنیەتی بڕیاردانی حکوومەت کاریگەری بەرچاوی هەیە. بەڵام لە ئێراندا بە هۆی سترۆکتۆری دەسەڵات و هاوکێشەکانی نێو سیستمی سیاسی، هەڵبژاردنەکان و بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری رەوشێکی تایبەتی هەیە. پێکهاتەی دەسەڵات بە شێوەیەک داڕێژراوە کە سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە. لە بەر ئەوە بوو کە محەممەد خاتەمی سەرکۆماری پێشوو رایدەگەیاند کە ئەو لە "تدارکاتچی"یەکەی نووسینگەی وەلی فەقیە زیاتر نیە. پێویستی وەبیرهێنانەوەی دۆخی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا لەوەدایە کە بزانرێ چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیە مامەڵە بکرێ؟ گەلۆ دەکرێ لە هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ خستنە رووی داخوازییەکان، بەرۆژەڤ کردنی پرسی کوردو لە ئاکامدا رێگە خۆشکردن بۆ جێبەجێ بوونی بەشێک لە خواستەکانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک لێ وەربگیردرێ؟

بە سەرنجدان بە قانوونی بنەڕەتیی ئێران خواستەکانی کورد بە دوو بەش دابەش دەکرێن: ١) بەشێک لە خواستەکان لەو قانوونەدا پێشبینی کراون بەڵام تا هەنووکەش پراکتیزە نەکراون. وەکوو ماددەی ١٥ی قانوونی بنەڕەتی کە "کەڵک وەرگرتن لە زمانە لۆکاڵییەکان (زمانە بندەستەکان) و خوێندن بەوانی لە قوتابخانەکان لە پاڵ زمانی فارسیدا ئازاد کردوە" یان ماددەی ١٩ کە بە روونی باس لە سوودمەند بوون لە مافی وەک یەک بۆ هەموو خەڵکی ئێران (لە هەر گەل و خێڵ یا هەر رەنگ و رەگەزو زمانێک) دەکا. هەروەها مادەی بیست و شەشەم کە ئاماژە بە ئازادیی پێکهێنانی حیزب، کۆڕو ئەنجومەن، NGOگەلی مەدەنی و سینفی و بەشداری ئازادانەی تاک لەواندا دەکا. هێندێک مەسەلەش هەن کە قانوونی بنەڕەتی قەدەغەی نەکردوون بەڵام وەکوو نەریتێکی سیاسی نەنووسراو لە تەواوی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەکار براون. لەوانە کەڵک وەرنەگرتن لە بژاردە سیاسی - بەڕێوەبەرییەکانی کورد یا سوننییەکان لە ئاستە بەرزەکانی بەڕێوەبەرێتیدا، وەکوو وەزارەت، جێگری سەرکۆمار یا سەرۆکایەتیی رێکخراوەکانی بە فەرمانی سەرکۆماری. ئەوەش بە راشکاوی پێشێل کردنی ماددەکانی ١٢٤، ١٣٣و ١٣٥ی قانوونی بنەڕەتییە.



٢) ئەو داخوازییانەی کە وەدیهاتنیان گرێدراوی گۆڕینی قانوونی بنەڕتییە. بە سەرنجدان بەوە کە چۆنیەتیی پێداچوونەوەو گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی لە ماددەی ١٧٧ی ئەم قانوونەدا پێشبینی کراوە، بەم پێیە وەدیهاتنی زۆربەی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان گرێدراوی ئەو پرسەیە. وەکوو گۆڕینی مەرجەکانی پاڵێوراوانی سەرکۆماری بە چەشنێک کە کەسانی غەیرە شیعەو ژنانیش بتوانن خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندیدا بکەن. یا ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە سترۆکتۆری بەڕێوەبەریی سیاسیی نەتەوە بندەستەکانەوە هەیە کە دەتواندرێ لە چوارچێوەی چەمک گەلێکی وەک ئۆتۆنۆمی یا فیدرالیزمدا تاوتوێ بکرێ. هەروەها ئەو بابەتانەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا بە شێوەیەکی لاوازو ناتەواو ئاماژەیان پێکراوە. لەوانە ماددەی ١٥ کە تەنیا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی لەقەڵەم داوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە وڵاتانی فرەنەتەوەو فرەزماندا هیچ رێگرییەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە چەند زمانی فەرمی نیەو لە بنەڕەتدا بۆیە دەبێ ئەم ماددەیە دەستکاری بکرێ.

سەرەڕای ئەو واقیعە سیاسییەی ئێران کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بەشێکی زۆر لە بژاردەکانی کورد دەیانەوێ وەک یەکەیەکی شوناسیی سەربەخۆ لە گۆشە نیگای خواستەکانی تایبەتی کوردەوە لە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان بڕوانن و بە ئاوایەکی پلانمەندو مەرجدار لەگەڵ ئەم دیاردەیە مامەڵە بکەن.

لە بەرەبەری دەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا، چەندین داخویانی لە لایەن چالاکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاوکرانەوەو بە شێوەیەکی گشتی لە هەر کامیاندا راستینەی فرەچەشن بوونی کۆمەڵگەی ئێرانیان وەبیر هێناوەتەوەو لە پێناو نەهێشتنی بەشخوراویی و ستەمێک کە بە نیسبەت نەتەوە بندەستەکان دەکرێ ئاماژەیان بە بەشێک لە خواستەکانی کورد کردوە. ئەوان بەم چەشنە ویستوویانە بە دانانی هێندێک رێچکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە ئاوایەکی ئەکتیڤتر دەر بکەون و چەشنێک یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی لە نێوان چالاکانی سەربەخۆ بۆ کارتێکەری زیاتر لە هەڵبژاردنەکاندا بێنە ئاراوە. لەو راگەیاندراوانەدا حکوومەتی ناوەندی ئاگادار کراوەتەوە کە ئەگەر پاڵێوراوانی سەرکۆماری ناحەقی و زوڵمێک کە بەرانبەر کوردان دەکرێ بە فەرمی نەناسن و بۆ قەرەبوو کردنەوەی، رێکاری گونجاو پێشکەش نەکەن ناتوانن بە پانتومیمی پڕۆپاگەندەیی چاوەڕوانی بەشداری بەربڵاوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بن.

هەرچەند لە خولەکانی پێشووشدا جووڵەی لەم چەشنە بەدی دەکرا، بۆ نموونە ریفۆرمخوازانی کورد لە هەڵبژاردنەکانی خولی پێشووی سەرکۆماریدا داخوازینامەیەکی ١٥ خاڵییان نووسی و بە قبووڵ کردنی لە لایەن موستەفا موعینەوە (پاڵێوراوی ریفۆرمخوازانی پێشڕەو) پشتیوانیان لە ناوبراو کرد. بەڵام چالاکییەکانی ئەمجارە رەهەندو ئاستێکی بەربڵاوترو بەرزتری بەخۆیەوە گرتووە. بۆیە گرینگییەکی تایبەتی هەیەو دەکرێ بە یەکێک لە هێماکانی دەستپێکی پرۆسەی خەباتی لێگاڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەم بدرێ. بە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بەیاننامانەی تا هەنووکە بڵاو کراونەوە ئەم خاڵانەی خوارەوەش شایانی ئاماژە و گرینگی پێدانن:

١) پێویستە چالاکانی بواری لێگاڵ و گرووپ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی زیاترەوە داخوازییەکانیان بێنە ئاراوە. بۆ ئەوەی بتوانن پتانسیەلی کوردەکانی رۆژهەڵات ئەکتیڤ و کانالیزە بکەن و بە ئاوایەکی کاریگەر لەهەمبەر ناوەند دەربکەون. بێ گومان تا ئەم مەسەلەیە نەیەتە ئاراوە ئەم جموجۆڵانە ناتوانن خاوەن قورساییەکی ئەوتۆ بن کە دەسەڵات بە چۆک دابێنن.

٢) هێندێک لە چالاکانی مەدەنی و گرووپە لێگاڵەکان، لە دۆزی کورد وەک پرسێکی ئێتنیکیی قووڵ ناڕوانن و بەرنامەیەکی چڕوپڕیشیان بۆ چارەسەری ئەم پرسە پێ نیە. داخوازییەکان بە شێوەیەکی گشتی دێنە ئاراو چوارچێوەیەکی پێناسەکراوو دیاریکراوی مافناسییان نیە. هێندێک جار داخوازی کوردان بۆ چەمکی "مافەکانی شارۆمەندی" کەم دەکرێتەوە. پڕ ئاشکرایە کە چەمکی ناوبراو تەنیا مافەکانی ئێمە وەک تاک دەستەبەر دەکا بەڵام پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی بن-دەست چارەسەر ناکا.

٣) بەکار بردنی چەمکگەلێکی وەکوو "نەتەوەی ئێران" و "کەمە نەتەوەی کورد" لە ئەدەبیات و گوتاری بەشێک لەو بەیاننامەو راگەیاندراوانەدا نیشاندەری نزمی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بەشێک لە بژاردەکانی کۆمەڵگەیە. هەر دوو چەمکی باسکراو لە ئەدەبیاتی سیاسیدا خاوەن واتایەکی دیاریکراون. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو بەکاربردنی دەستەواژەی "نەتەوەی ئێران" لە جێدا هەڵەیە. لە لایەکی دیکە کورد "کەمە نەتەوە" نیەو کوردەکانی رۆژهەڵات خاوەن جوگرافیایەکی دیاریکراوو حەشیمەتێکی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەسین.

پێویستی ئاماژە کردن بەو خاڵانەی سەرەوە لەوەدایە کە گفتگۆیەکی رەخنەگرانە لەگەڵ گۆڕەپانی خەباتی لێگاڵ بێتە ئاراوە. بۆ ئەوەی چالاکانی ئەم بوارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە باشتر بتوانن لە پێناو پرسی نەتەوەییدا چالاکی بنوێنن.

تا هەنووکە هیچکام لە پاڵێوراوانی سەرکۆماری بێجگە لە پانتومیمی پڕۆپاگەندەیی، ددانیان بەو زوڵمەدا نەناوە کە دەرهەق بە کوردان دەکرێ. بۆ نموونە مەهدی کەڕووبی یەکێک لە پاڵێوراوانی ریفۆرمخوازان گوتوویەتی کە "بەڵێنی نادەم بەڵام ئەگەر بتوانم لە بڕاردنەکانی خۆجێیی کەڵک وەردەگرم". ئەم وتەیە دەشێت نیشاندەری راستوێژیی ناوبراو بێ، چونکە ئەگەر لە داهاتوودا پاڵێوراوێک بۆ نەهێشتنی ستەم و بێعەدالەتیی ئارایی هێندێک بەڵێنیش بدا گەرەنتییەکی ئەوتۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە لە ئارادا نیە. بەتایبەت کە لە سیستمی سیاسیی ئێراندا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نیەو بە پێی قانوون بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان لە دەستی وەلی فەقیهی "مادام العمر"دا مۆنۆپۆل کراوە. لە لایەکی دیکەش بەشێکی سەرەکیی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان لە قانوونی بنەڕەتیدا نەگونجێندراون و سەرکۆماریش ئەوپەڕەکەی دەتوانێ جێبەجێکەری ئەم قانوونە بێ. بەم پێیە ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەر چییەک بێ لەگەڵ هەلومەرج و بڕیارەکانی هەنووکەیی حکوومەتی ناوەندی بەتایبەت بە نیسبەت دۆزی نەتەوە بندەستەکان جیاوازییەکی زۆری نابێ.

**ئەنجام:**

هەرچەند لە سەردەمی مەحموودی ئەحمەدینژاددا هەڵسوکەوتی دەرەوەی قانوون لەگەڵ چالاکانی مەدەنی، سیاسی، بزووتنەوەی ژنان و خوێندکاری و رۆژنامەنووسان زیاتر پەرەی سەندوە. کەمتەرخەمی بە نیسبەت حوکمی زیندانە درێژماوەکان، لە سێدارەدان و تەنانەت مەرگی گوماناوی لە زیندانەکاندا زیاتر بووە. بەگشتی لە ژێر سایەی باڵی کۆنسێرتیڤ و ئەو سیاسەتە تۆقێنەرو نادێموکراتیکەی ئەحمەدینژادو کابینەکەی پێڕەوی دەکەن دەرفەتی کارو چالاکیی مەدەنی و لێگاڵ لە بەردەم هەموو نەتەوە بندەستەکان و تەنانەت باڵی ریفۆرمخوازیش زۆر بەرتەسک بۆتەوە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە تەنیا بە لۆژیکی "لە نێوان خراپ و خراپتردا دەنگ بە خراپ بدەین" و بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەین. بەڵکوو پێویستە رێکارو هەڵوێستێک لەم هەلومەرجەدا بگیرێتە بەر کە قورساییەکی واتادارو کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێ. نەتەوە بن-دەستەکان و لەم نێوەشدا کوردەکانی رۆژهەڵات دەتوانن بە ئاوایەکی ئەکتیڤ لەگەڵ ئەم دیاردە مامەڵە بکەن و داخوازییەکانیان لە فۆرمێکی پێناسەکراوو دیاریکراوی مافناسیدا بخەنە روو. یەکەم: خوازیاری جێبەجێ کردنی دروست و بێ جیاوازی یاسای بنەڕتیی هەنووکەیی بن کە هێندێک ماددەی (هەرچەند بە شێوەیەکی ناتەواویش بێ) سەبارەت بە مافی نەتەوە بەشخوراوەکان لەخۆ گرتووە. دوویەم: پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی لە سەرەوەی لیستی داخوازییەکانیان باوێژن. چونکە بەشێکی زۆری مافەکان لە قانوونی بنەڕەتیدا نەگونجێندراون. ئەم قانوونە شوناسی نەتەوە ستەم لێکراوەکان تەنیا وەک "کەمە نەتەوە" کە دەستەواژەیەکی کولتوورییە بە فەرمی دەناسێ. بەم پێیە شوناسی نەتەوەیی کورد کە پێشمەرجی مافەکانی سیاسی و سەروەری نەتەوەییە حاشای لێ دەکرێ و لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەعسیزم و کەمالیزمدا نیە.

بە لەبەرچاو گرتنی کەموکوڕییەکانی تەڤگەری لێگاڵ و ئیلێگاڵ و ئاستەنگەکانی بەردەمیان، تا رادەیەک دەتوانرێ لە هەڵبژاردنەکان وەک ئامرازێک بۆ بەرۆژەڤ کردنی پرسی کورد، رێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێناو خواستەکانیان و بردنە سەری ئاستی هوشیاری نەتەوەیی خەڵک کەڵکی لێ وەربگیردرێ. هەر تەڤگەرێک کاتێک دەتوانێ پەرە بستێنێ کە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ باسکردنی خواستەکان و جێبەجێ کردنیان کەڵک وەربگرێ، تەنانەت بچووکترین دەرفەتیش لەم پێناوەدا لە کیس نەدا.

هەرچەند ماوەیەکی زۆر تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری نەماوە بەڵام ئەم مەسەلەیە لە راگەیاندنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا بە شێوەیەکی ئەوتۆ رەنگی نەداوەتەوە تا لە رێگەی پرۆگرامگەلێکی رۆشنگەرانەوە خەڵک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی کاریگەر موبیلیزە بکەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئەوەیە کە هەوڵێکی جیددی بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان (ئەگەر دەرفەتێکی بچووکیش) لە ئارادا نیە.

# بە بۆنەی ١ی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ئارام ئیبراهیم خاس

ڕۆژی یەکی مەی ئەو ڕۆژەیە کە بوو بە هێمای کرێکارو بە بیستنی ناوی ئەو ڕۆژە ئەو وشەیە کە لە نێو مێشکی مرۆڤدا دەزرینگێتەوە، کرێکارە. پێویستە هەموو ڕۆژەکانی ژیانی ئێمە وەك ڕۆژی کرێکار بێتە ئەژمارو لە کوردستانی بندەستدا هەموو کرێکارێك ڕێزی شیاوو ئینسانیی خۆی لێ بگیرێ، کرێکار ئەو پتانسێل و هێزە ئینسانییە کە وەك بزوێنەری کۆمەڵگە بەردەوام توانای داهێنان و بەرهەمهێنانی بۆ وڵاتەکەی هەیە، بەڵام بەداخەوە لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵداو لە هەموو وڵاتانی دنیادا تەنیا ڕۆژی ١ی مەی وەك ڕۆژی جیهانیی هاوپێوەندی لەگەڵ کرێکاران دیاری کراوە کە زۆرتر لە حەرەکەتێکی هێمایی دەچێ.

**لەو نێوەدا کوردستان وەك یەکەمین و دوایین سەنگەری بەرخودان و تێکۆشان وەك هەمیشە ( قافلە سالاری ) ئەو بوارەی خەبات بووەو بە فیداکردنی دەیان ڕۆڵەی بە نرخی وەك "جەماڵی چراغ وەیسی" کە بە پەتی سێدارەی تاریك پەرستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو، نرخی داخوازە ڕەواکانی خۆی داوە.**

چونکە هەر زۆر لەو دەوڵەتانەی ڕۆژێکیان وەك ڕۆژی کرێکار خستۆتە ڕۆژژمێرەکانەوە، مافەکانی کرێکار لە بیمەی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی و دەرمانییەوە بگرە تا بیمەی بێکاری و مافی خانەنشینی و پێکهێنانی یەکیەتی و سەندیکای کرێکاری و ساعەتی دیاری کراوی کاری حەوتووانەو... پێشێل دەکەن. بزاڤی کرێکاری بە ڕابردووی لەمێژینەی تێکۆشانی دەکەوێتە خانەی بزاڤە سیاسی - کۆمەڵایەتییە درشت بینەکان و زۆر جار خراوەتە نێو چوارچێوەی ئیدیۆلۆژیی کۆمۆنیستی و لە سێبەری ڕێبازی مارکسیزم و بە ناوی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا گەشەی سەندووەو تێکۆشانی پەرە پێداوە، هەر چەند ئیتر ئەو پێناسە ئۆرتۆدۆکسییە لە کرێکار، هێزی کارو زێدەبایی و سەرمایەدارو... وەك پێشوو باوی نەماوە (بە تایبەت پاش هاتنە کایەی پرۆژەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە ئورووپاو ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت)، بەڵام بزووتنەوەی کرێکاری یەکێك لە مەزنترین بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستای جیهانە. هەر چەند نابێ ئەوەش لە بیر بکەین بە پێی ئەو وڵاتانەی کە کرێکاری تێدا دەژی و چۆنیەتی پێبەندبوونی ئەو وڵاتانە بە بنەماکانی یەکسانخوازی و بە دادپەروەری و یاساورێسای عادلانەی کار، بۆ وێنە ٤٨ سەعات کار لە حەوتوودا یا دابین کردنی بیمەو مافی پێکهێنانی ڕێکخراوو سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری و .... شوناسی ئەو بزووتنەوەیە دەگۆڕێ، هێندێك جار لە هێندێك وڵاتی وەك سوئید کە خاوەن ئاستێکی بۆەرزی ئابووری و خۆشگوزەرانییە بزاڤی کرێکاری ئەوپەڕەکەی دەکەوێتە خانەی هێندێك ڕێکخراوی زەردی سەر بە دەوڵەت، بەڵام هەر ئەو حەرەکەتە ڕەنگە لە وڵاتێکی دیکە بکەوێتە خانەی حەرەکەتێکی نهێنی یا شۆڕشگێڕانەو تەنانەت توندوتیژی لێ بکەوێتەوە.

**بزاڤی کرێکاری لە ئێران و کوردستان**

بزاڤی کرێکاری لە کوردستاندا وەك بزاڤێکی مەدەنی و سیاسی - کۆمەڵایەتی لە کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و بە بەرزکردنەوەی دروشمی "خەبات لە کارخانەکان" لە لایەن هێندێك لە ڕەوتگەلی چەپ و کۆمۆنیستی هاتە ئاراوە کە دەیانهەویست واز لە خەباتی چەکداری بێنن و شێوازێکی دیکەو نوێی خەبات لە حەرەکەتێکی مەدەنیدا دەست پێکەن. ئەو بزاڤە لە سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی خۆی ڕێکخست و پەل و پۆی هاویشت و ئەو حەرەکەتە کە خواست و ویستەکانی چینی کرێکاری لە زمانی خۆیەوە باس دەکرد، جێگەی حەرەکەتی چەکداری و شۆڕشگێڕانەی لنینستی - مائۆئیستی گرتەوە. ئاسن وەڵام دەدرایەوە. سەرەڕای ئەوانەش کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پێش بەو حەرەکەتە مەزنە بگرێ کە کەم تا زۆر بە ڕێکخستن کراوەو داوای مافە یاساییەکانی خۆی دەکرد، مانگرتن و کرێکاران لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران و کوردستان وەك: مانگرتنی شۆفێرەکانی شیرکەتی ئوتوبوسڕانی تاران بە ڕێبەری "مەنسووری ئۆسانلوو" مانگرتنی درێژخایەنی کرێکارانی (نیشکر نێوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی تەنەخی نەکردوە. بەڵام گرینگی ئەو بزاڤەو ژیری و لێزانی پێشەوان و پێشەنگانی ئەو بزووتنەوەیە کاتێ دەردەکەوێ کە بزانین بزووتنەوەی کرێکاری وەك هەموو بزاڤە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی دیکەی وڵاتی ئێران لە نێوخۆی وڵات و بەپشت ئەستوور بوون بەهێزی چینی کرێکاری ئێران و کوردستان دامەزراوە سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکانی سەر




بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و کوردستاندا پێی نابووە قۆناغێکی تازەوە، لەو نێوەدا کوردستان وەك یەکەمین و دوایین سەنگەری بەرخودان و تێکۆشان وەك هەمیشە (قافلە سالاری) ئەو بوارەی خەبات بووەو بە فیداکردنی دەیان ڕۆڵەی بە نرخی وەك "جەماڵی چراغ وەیسی" کە بە پەتی سێدارەی تاریك پەرستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو، نرخی داخوازە ڕەواکانی خۆی داوە.

لە دوای ساڵی ٧٦ و بەدەسەڵات گەیشتنی بەناو ریفۆرمخوازانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت کەشێکی سیاسیی لەبارتر بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی ئەنجومەن و سەندیکاو... هاتبوە ئاراوە، بەڵام هەر لەو ساتە وەختانەدا بزاڤی کرێکاریی ئێران و کوردستان وێڕای بزاڤە مەدەنییەکانی دیکە دژوارترین کاتەکانی ژیانی خۆی تێپەڕ دەکرد. چالاکانی کرێکاری یەك لە دوای یەك قۆڵبەست و ڕەوانەی زیندان دەکران و مانگرتنی حەقخوازانەی کرێکاران بە ئاگرو هفت تپە)، کە شاری شووش سەر بە پارێزگای خوزستانی بۆ ماوەیەك بە تەواوی لە پێ خستبوو. هەروەها بەڕێوەبردنی بە شکۆی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کرێکار کە وەك نەریتێکی ساڵانە لە شوێنگەلی جۆراوجۆری ئێران و کوردستان بەڕێوە دەچێ، گشتیان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە بزاڤی کرێکاری لە ئێران و کوردستان وەك بزاڤێکی زیندوو و ئەکتیڤ ڕێکخراوەو خاوەن بەرنامەو پرۆژەی تایبەت بە خۆیەتی و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بەرپەرچی فێڵ و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بە خۆی داوەتەوە، دامەزراندنی بەسەدان سەندیکاو ڕێکخراو و ئەنجومەن و شوڕاو (تشکل) سەربەخۆی کرێکاری کەوەك ئالتێرناتیڤێك بۆ کاریگەر کردنی ڕێکخراوە دەستکردە کرێکارییەکانی کۆماری ئیسلامی وەك "خانەی کارگەری کۆماری ئیسلامی" سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن.

لەراستی دا کۆماری ئیسلامی لە هیچ هەوڵێك بۆ بەتاڵ کردنەوەی بزاڤی کرێکاری لە شوناسی و ڕێگەی و گرتن و زیندان و هەڕەشەی توانیویە خواست و ویستە ڕەواکانی لە ئاستێکی بەرزی جیهانیدا بەرۆژەڤ بکا. لەم بارەیەوە دەتوانین سەفەری دەبیری یەکەمی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کار (ILO) وەك بەڵگە بێنینەوە کە لەگەڵ بەرپرسانی هێندێك دامەزراوەی هەڵخەڵەتێنەری وەك خانەی کارگەری کۆماری ئیسلامی دانیشێ و سەردانی ڕێبەرانی ڕاستەقینەی بزاڤی کرێکاری ئێرانی کرد یا دەتوانین مانگرتنی کرێکارانی ئورووپایی و کانادایی و.. بەمەبەستی پشتیوانی کردنی لە مەحموودی ساڵحی و مەنسووری ئۆسانلۆ بە نموونە بنێینەوە

لە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژادو بەپێی چاوەڕوانییەکان بزاڤی کرێکاری و پێشەنگان و تێکۆشەرانی ئەو بوارە وەك لە بزووتنەوە هەقخوازەکانی دیکەی ئێران و کوردستان کەوتنە بەر گوشارو هەڕەشەو زیندان و ئەشکەنجەو تەنانەت تیرۆری هێندێك کە سایەتیی ناسراو و هەڵسوڕوی کرێکاری وەك "حەمید مەجیدی" لە شاری سنە لوتکەی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەو بزاڤە دەردەخا. بەڵام بەو حاڵەشەوە بزاڤی کرێکاری لە کوردستان بەتایبەتی و لە ئێران بەگشتی لە سەرپێی خۆی ڕاوەستاوەو لە کاناڵە جۆراجۆرەکانی خەبات بۆ بە ئاکام گەیشتنی تێکۆشانی هەقخوازانەی خۆی کەڵك وەردەگرێ. هەر بۆیە لە سەر ئەو بڕوایەم بزووتنەوەی کرێکاری ڕاستییەکی ئۆبژێکتیڤە کە وەك بەشێك لە خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان دەکرێ و پێویستە لە ڕێگەی پۆزێتیڤەوە کاناڵیزە بکرێ، هەر چەند بارودۆخی نالەباری ئابووریی ئێران و هەقدەستی کەمی ئەو کرێکارانەی لە ژێرهێڵی هەژاریدا دەژین، دابین نەکردنی بیمەو سەعاتی زۆری کاری ڕۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی بۆ کرێکاران لە کاتی کاردا، پەیمانی کاتی و (سفید امضا) کارخانەدارەکان لەگەڵ کرێکاران کە پێگەی کرێکار تا ڕادەی کۆیلەیەکی بەرهەمهێنەر نزم دەکاتەوە، کێشەی بێکاری کە بەرەوڕووی زۆربەی کرێکاران دەبێتەوە، داخرانی کارگەو کارخانە بەرهەمهێنەرەکان بە بێ هیچ هۆیەك و دەرکردنی بە دەیان و بگرە بەسەدان کرێکاری بێ ماف کە هیچ پشتیوانەیەکی پیشەیی و داراییان نییە، دیاردەی کرێکارانی وەرزی کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی کرێکارێکی ئاسایی بێبەشن و سەرەڕای هەموویان گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چالاکان و هەڵسووڕاوانی کرێکاری کاری ئەو بزووتنەوەیەی زۆر دژوار کردووەو تەگەرەی زۆری خستۆتە بەردەمی. بەو حاڵەشەوە پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بە تەیفی چەپ و ڕاستەوە ئەرکی سەرشانیانە ئاوڕ لەو بزاڤە کە خاوەن ئەو پتانسییەل و هێزە ئینسانییە گەورەیە بدەنەوەو ڕۆژی کرێکار وەك ساڵڕۆژو بۆنەیەك تەنیا لە ڕۆژژمێرەکان و ساڵێ جارێك بە وتار یان بەیاننامەیەك قەناعەت نەکەن، چونکە بەهێز بوونی بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەتای بەرۆژەڤ کردن و هێنانە ئارای پرۆسەیەکی نوێی خەباتگێرانەیە. دیارە لەم نێوەش دا بزاڤی کرێکاری سەنگی خۆی هەیە. لە کۆتاییدا دەڵێم هەموو ئەو خەباتکارانەی لەو هەلومەرجە داخراو و نالەبارەی ئێران و کوردستاندا خەریکی تێکۆشان لەو بوارەو هەر سەنگەرێگی دیکەی خەباتن، جێگەی ڕێزو ستایشن، بەو هیوایە کە ڕۆژێك دابێ، هیچ ئینسانێك بە دەستی هیچ ئینسانێکی دیکە نەچەوسێتەوە.

# ئاوڕێك لە دۆخی چاپەمەنی لە ئێراندا

## (لە رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی دا)

مستەفا مەعرووفی

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٣ دا رۆژی ٣ی مای (١٣ی بانەمەڕ)ی وەك رۆژی ئازادیی چاپەمەنی دیاری کردوە. دیاری کرانی رۆژێك بۆ رێزگرتن لە ئازادیی چاپەمەنی لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە نیشانەی گرنگی وکاریگەریی چاپەمەنی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی دایە.

دەورو کاریگەریی چاپەمەنی لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا بە رادەیەك گرنگە کە لەمێژە ناوی "دەسەڵاتی چوارەم"یان پاش دەسەلاتی قانوون دانان، بەڕێوەبردنو دادوەری بۆ داناوە. بە تایبەتی لەم سەردەمە دا کە سەردەمی راگەیاندنە چاپەمەنی ئەو دەورو کاریگەرییەی لە جارانیش زیاترەو بێگومان لە داهاتوو دا زیاتریش دەبێ. ئەمڕۆ چاپەمەنی چ بە شێوەی نووسراو لەسەر کاغەز چ بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە سەر ئینتێرنێت، چ بە شێوەی دەنگ یان تەسویر بە چەشنێك پێوەندیی لە نێوان شوێنە دوورو نزیکەکان لە ماوەیەکی زۆر کورت دا پێك هێناوە کە سنووری شوێنو کاتی بەزاندوە. بە کەڵك وەرگرتن لە تیکنۆلۆژیی راگەیاندن هیچ سەردەمێك بە رادەی ئەمڕۆ جیهانو بەشەکانی ئاوا خێرا لە پێوەندی دا نەبوون. بە یارمەتیی تیکنۆلۆژیی راگەیاندنو پێشکەوتنی خێراو سەرسوڕهێنەرانەی تیکنۆلۆژی ئەو پێوەندییانە خێراتریش دەبنو لایەنی نوێترو سەرسوڕهێنەرتریش لە داهاتوو دا بەخۆیەوە دەگرێ.

جگە لەمانە چاپەمەنی وەك چوارچێوەی دەسەڵاتی دەولەتانو وڵاتان سنووردار نیە، چاپەمەنی دەسەڵاتی بەسەر هەموو جیهان دا هەیە. هیچ حکوومەتو دەسەڵاتێك لە چاوی چاپەمەنی ون نیەو چاوی تیژی چاپەمەنی هەموو ئاکارو کردەوکانیان بە چاكو خراپ دەبینێو کەم شت هەیە بە هۆی چاپەمەنییەوە لە بەر چاوی خەڵك شاراوە بێ. هەر بۆیەش چاپەمەنی رۆڵی وشیار کەرەوەو ئاگادار کەرەوەی کۆمەڵگە دەبینێو لە راستی دا ویژدانی وشیارو بەخەبەری کۆمەڵگەیە. بیروڕای گشتی دروست دەکاو دەوری رێبەرایەتی لە نێو کۆمەڵگە دا دەگێڕێ. خەڵك لە هەڵوێستە سیاسییەکانیان دا پەنا دەبەنە بەر چاپەمەنیو لە رێگەی چاپەمەنییەوە هەموو رووداوەکان هەڵدەسەنگێننو بە ئاکامێك دەگەن. چاپەمەنی نەك هەر کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگە هەیە بەڵکوو شوێن لەسەر دەوڵەتان دادەنێو تەنانەت لە سەرکەوتنو شکستی دەوڵەتان یان گۆڕانی مۆرەیەك یان چەند مۆرەی دەسەڵاتداریش دا دەوری هەیە. لە خۆڕا نیە کاندیداتۆرەکانی سەرکۆماریورێبەرایەتی لە وڵاتان دا ئەوندە گرنگی بە کاری تەبلیغی دەدەن. چاپەمەنی جاری وایە دەسەڵاتدارێك، وەزیرێك ناچار دەکا دەست لە کار بکێشێتەوە.

جگە لەمانەش بوونی چاپەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ مافێکی بێئەملاو ئەولای مرۆڤ کە رێگە بە مرۆڤەکان دا بیروڕای خۆیان دەربڕن. ئەو مافە لەگەڵ مرۆڤ لەدایك دەبێ هیچ کەس و هیچ هێزێك مافی ئەوەی نیە لێی زەوت بکا. ئەو مافە لە چوارچێوەی قانوون دا، قانوونێك کە ئازادیی دەرپڕینی تێدا دەستەبەر کرابێ بەچەشنێك کە ئازادیی مرۆڤێك نەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئازادیی مرۆڤێکی دیکە، دەگونجێندرێ.

ئەوانەی باس کران چاپەمەنی بە شێوەی ئازادو باس لە چاپەمەنیی ئازاد بوو. لە هەموو وڵاتانی جیهان دا چاپەمەنی هەیە، بەڵام لە هەموو شوێنێكو لە هەموو وڵاتان دا ئازادی نیە تا ئازادیی چاپەمەنی هەبێ. چاپەمەنی لە وڵاتانی دیکتاتۆریش دا هەیە. هەر لەجێ دا دیکتاتۆرەکانیش چاپەمنییان هەیەو تەنانەت لە پاوانی خۆیانی دەنێن. بۆ خۆیان و نووسەرانیانو پیاوەکانیان مافی نووسین کە دیارە لە پەسندی دەسەڵاتیان دا هەیە. هەر رۆژنامەنووسێك یان نووسەرێك غەیری ئەمە بنووسێ لەگەڵ گیرانو ئەشکەنجە، ئێعدامو تەنانەت تێرۆر بەرەو روو دەبێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەی هەرە زەقو بەرچاوی ئەم وەزعەیە. ساڵ نیە ئەم رێژیمە سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی دەربڕینی بیروڕا، داخستنی رۆژنامەکان، گرتنو ئەشکەنجەو دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ رۆژنامەنووسان مەحکووم نەکرێ. ئەم رێژیمە دەیان رۆژنامەنووسو نووسەری ئازادیخوازی لە دەرەوەی وڵاتو تەنانەت لە نێوخۆ دا تێرۆر کردوەو دەستی بە خوێنی نووسەرانو شاعیران کە جگە لە زمانی هەقو راستوێژیو ئەرکی رۆژنامەنووسی چەکێکی دیکەیان پێ نەبووە، سوورە. کۆشتاری نووسەرانو رووناکبیرانی ئێران لە پاییزی ١٣٧٧ دا کە بە دەستووری وەزارەتی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوون نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم راستییەیە. کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان دا کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە بە فتوای خومەینی کە گوتی: قەڵەمەکانیان بشکێنن، دەست پێ دەکا، ئەوەندە رەشە کە لەم بەرنامەیە دا ناگونجێ. بە پێی راپۆرتی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو ئازادیی بیروڕا دەربڕین ئێران گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانەو هەموو ساڵێ ئێران بەم جۆرە بە خەڵکی جیهان دەناسرێ. بە تایبەتی رۆژنامەنووسانی کورد سەبارەت بە جیاوازیی نەتەوەیی لە لایەك و بوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لەم بەشەی ئێران دا لە لایەکی دیکە زیاتریش لە رۆژنامەنووسانی دیکەی ئێران لە ژێر فشار و سەرکوتو ئەشکەنجەدان و تەنانەت ژمارەیەکیان مەترسیی ئێعدام کرانیان لەسەرە. چەند ساڵە لەسەر یەك لە رێوڕەسمێك دا کە لە پاریس بەڕێوە دەچێو لەو رێوڕەسمە دا وێنەی گەورەترین رێبەرانی دوژمنی چاپەمەنی دادەنرێ، وێنەی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی لە سەرەوەی هەموو وێنەکانە.

بەو حاڵەش کۆماری ئیسلامی رێگەیەکی بێ سوودی گرتۆتە بەر. ئەو رێژیمە با لە نێوخۆش دا بە هەموو توانایەوە قۆڵی لە سەرکوتی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان هەڵماڵیبی، بەڵام ئازایەتیی رۆژنامەنووسانی بوێر کە لە گیانی خۆیان مایە دادەنێن، تا رادەیەکی ئەو سەرکوتو دەنگ کپ کردنەی کۆماریی ئیسلامیی پووچەل کردۆتەوە. ژمارەیەکی زۆری دیکەی رۆژنامە لە لایەن رۆژنامەنووسانی ئازادیخوازی ئێران بە کوردو نەتەوەکانی دیکەوە لە دەرەوەی وڵات دەردەچن کە ئەگەر لەسەر کاغەز بە زەحمەت دەگەنە دەست خەڵك بەڵام بە هۆی ئینتێرنێت یان لە رێگەی راگەیەنەکانی دیکەی وەك رادیۆو تەلەڤزیۆن بە گوێی خەڵك دەگەن. جگە لەمانەش وەك گوترا بە هۆی پێشکەوتنی تیکنۆلۆژیی راگەیاندن دەوڵەتان ناتوانن لە بەرانبەر شەپۆلی راگەیاند دا راوەستنو پێشی پێ بگرن. دەیان کانالی تەلەڤزیۆنی، هەزاران سایتی ئینتێرنێتیو وەسایلی پێوەندی بەگشتی هەیە کە خەڵکی ئێران پەنایان بۆ دەبەنو لە رێگەی ئەوانە لە راستیو دروستیی رووداوەکان دەگەن. ئەمانە لە پووچەڵکردنەوەی سەرکوتی چاپەمەنی دا دەوریان هەیەو نەبوونی ئازادیی رادەربڕین لە کۆماری ئیسلامی دا تا رادەیەك قەرەبوو دەکەنەوە، بەڵام بەو حاڵەش سێبەری رەشی سانسۆری کۆماری ئیسلامی رێگە نادا هەموو تاریکایی ئێران بە ئازادیی چاپەمەنی رووناك بێتەوە.




# پێشنیارەکانی ناوەندی رێگەچارە بۆ ئاشتی نێونەتەوەیی لە واشینگتۆن لە بارەی پرسی کورد

و. لە ئینگلیسییەوە: "کوردستان"




ناوەندی رێگاچارە بۆ ئاشتیی نێونەتەوەیی لە واشینگتۆن، مسکۆ، برۆکسێل لە راپۆرتێك دا لە ژێر ناوی "پێشگیری کردن لە ناکۆکی لە سەر مەسەلەی کورد"

کە لە لایەن(هێنری جی بارکی)، کۆمەڵێك پێشنیارو رێگاچارەی دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئەمریکا لە بەر چاویان بگرێ. ئەم راپۆرتەکە لە ٥٠ لاپەڕە پێك هاتووە، پێنج خاڵ دەستنیشان دەکات و رادەسپێرێ دەوڵەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ قەزیەی کورد لەبەرچاویان بگرێ:

١. سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دیموکرات و فیدراڵ و هەریمێکی مەشروعی کوردی لە باکووری عیراَق.

٢. چارەسەرکردنی هێمنانە کێشەی کەرکوك.

٣ـ پەرەپێدانی پێوەندێکی کارا لە نێوان تورکیەو هەرێمی کوردستان.

٦ـ چارەسەری هێمنانەی کێشەی کورد و تورك لە تورکیە.

٧ـ پەرەپێدانی تێروانینێکی وردتر لە بارەی مەسەلەی کورد لە ئێران و سوریە.

سەبارەت بە قەزیەی کورد لە ئێران:

لە ئێران، کوردەکان بۆ یەکەم جار ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت توانیان یەکەم کۆماری سەربەخۆ پێك بێنن. کۆماری مهاباد بە پشتیوانیی سۆڤییەت دامەزرا لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٤٦و لە لایەن مەلا مستەفا بارزانی باوکی سەرۆکی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری کرا. بەڵام لە کۆتایی ئەو ساڵەدا هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران پاشەکشەیان کرد. رێژیمی ئێران ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری داگیر کردەوەو هێندێك یاسای سەخت و بێ رەحمانەی بە سەر ناوچەکەدا سەپاند. رێبەرانی ناسیۆنالیستی لە سێدارە داو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماری بۆ جارێکی تر بە ئێرانەوە گرێ دایەوە.

بارزانی گیانی خۆی قوتار کردو رای کرد بەڵام بوونی لە مهابادو کارابوونی لە کۆمار ئەوی کردە قارەمانێکی سەرەکیی جووڵانەوەی پان ـ کوردیسم .

بە پێچەوانەی تورکیا، شا رێگای بە هێندێك ئازادیی بڵاوکراوەی فەرهەنگی و کولتووری بۆ کوردەکان داو، بۆ ساڵانێك کە کوردەکان لە فۆڕمی ئاشکرای ناسیۆنالیستی کورد کشانەوە دەیانتوانی بە کوردی چاپ و بڵاوکراوەیان هەبێ. هێزەکانی پاراستنی نهێنیی ئێران ـ ساواك ـ تەنانەت پشتگیری ئیزگەیەکی کوردیان کرد بەڵام ئەوە بە هیچ شێوە نەبوو بە هۆی ئەوەی کە کوردەکان واز لە گەشەپێدانی رێکخراوی نهێنیی خۆیان بێنن.

لە دوای ساڵی ١٩٧٩ کێشەی نێوان کوردو رێژیمی ئێران سەری هەڵدایەوە. رێژیمی نوێی ئەو کات هیچ پێکهاتنێکی لەگەڵ کێشەی کوردو خواستەکانی تێدا بەدی نەکرا. کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا کە بە هۆی نزیکایەتی رەگەزیی نێوان کوردو فارسەکان هاوپێوەندییەك پێك بێت.

بە پێچەوانەی جیاوازی نەتەوایەتی و فەرهەنگی لە بەینی کوردەکان و ئێرانییە شیعەکان، ئێرانییەکان کولتووری کوردیان زیاتر قبوڵ کردووە. رابردووی گرینگی ئەو کولتورە دەیتوانی ئێران بەرەو پرۆژەیەکی نەتەوەیەکی گەورەو ئەنگراسیۆنی گشتی بەرێ.

دوو هێزی سیاسی کوردی: حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران و کۆمەڵە بارەگاکانیان لە کوردستانی عێراق دامەزراندو لە بەرامبەردا کوردەکانی عێراق پێشیان بە هەموو جۆرە چالاکییەکی چەکداریی ئەو دوو حیزبە گرت کە پێشتر دژ بە ئێران ئەنجامیان دەدا. لە بەرامبەردا گرووپی ـ PJAK کە لابالێکی پەکەکەیەو لەو ساڵانەی دوایی دا سەری هەڵداوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە نەبۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ ئێران بەڵام بە چالاکییەکانیان ترسیان بۆ هێزەکانی خولقاندوە.

بوونی پژاك لە چیاکانی کوردستانی عێراق بیانووی ئەوەی داوەتە رێژیمی ئێران کە تۆپبارانی هێندێك لە ناوچەکانی بکات و هەروەها بۆتە پاڵنەری ئەوەی کە ئێران و تورکیا هاوکاری سیاسی و ئیتلاعاتی زیاتر بە دژی پژاك و پەکەکە بکەن و پێوەندییە سیاسییەکان لە سەر حیسابی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرز بکەنەوە.

دەوڵەتی تازەی ئەمریکا، دەتوانێ پشتیوانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لە کاناڵی پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران و سوریە کار بکات بۆ باشترکردنی وەزعی کوردەکانی ئەم دوو وڵاتەو لە هەمان کاتیش دا نابێ چاوەڕوانی بۆ کوردی ئێران و سووریە دروست بکەن.

لە لایەکی ترەوە، واشینگتۆن دەبێ وا بکات کە تورکیە، ئێران و سوریە تێ بگەیەنێ کە هاوکاریی ئەو دوو وڵاتە ناکات لە دژی کوردستانی عێراق.

لە کۆتایی دا، ئەگەر کێشە لە گەڵ ئێران و سوریە ببێت بە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا، ئەو کاتە ئەمریکا دەبێ مەسەلەی کورد زۆر بە خێرایی لە دەستووری کاری خۆی دابنێ.

پەیام دان بە ئێران و سوریە:

پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و سوریە ئێستا بەو جۆە نیە کە ئیمکان بدات بە ئەمریکا کە مەسەلەی کورد لە ئەم دوو وڵاتەدا بێنێتە گۆڕێ.

سوریەو ئێران نیگەرانی ئەوەن کە ئەمریکا گەرەکیەتی کە کوردی ئەم دوو وڵاتە شۆڕش بکەن و ببێتە هۆی شێواندن و سەرئێشە بۆ ئەو دوو رێژیمەو تەنانەت رووخاندنیان.

ئەمریکا پێی خۆش نیە جوڵانەوەیەکی بەربەرینی ناسیۆنالیستیی کورد لە ناوچەکە بێتە گۆڕێ، لە حاڵەتێکی ئاوادا مەجال بۆ ئەمریکا نامێنێت کە لە ژێر رووناکایی خاڵە سەرەکییەکانی ئاماژە پێکراودا کار بکات. دەوڵەتی تازەی ئەمریکا دەبێ ئەم پەیامە بدا کە چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی کار ناکات بۆ تەشویقی کوردەکانی ئێران و سوریە بۆ شەڕو شۆڕش.

سەرچاوە:

PREVENTING CONFLICT
OVER KURDISTAN.
HERRI J. BARKEY
CARNEGIE
ENDOWMENT
FOR INTERNTIONL
PEACE

د. مەحمود عوسمان:

# هیچ کام لە دراوسێیەکانی عێراق نایانهەوێ ئەم وڵاتە بەهێزو یەکگرتوو بێ

ئامادەکردن: مادێح ئەحمەدی

**ئاماژە:** لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بەگشتیو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بەتایبەتی کۆمەڵێك گرفتو کێشەی جیددی هەیە کە ڕۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر لە میدیاکانو کۆڕو کۆمەڵە بڕیاردەرەکان دەکەونە بەرباس. یەکێك لەو کێشە گرنگانە ماددەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیی عێراقە کە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان یا ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە تەرخان کراوە. یەکێك لەو شارانە کە پاش رووخانی حکومەتی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا شاری کەرکووکە کە تا ئێستاش چارەنووسی یەکلایی نەبۆتەوە. لە ماوەی رابردوودا "ستیڤان دیمستۆرا"، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لە راپۆرتێکدا کە پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عێراقی کردوە پێشنیاری کردوە کە کەرکووك لە لایەن هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغداوە بە شێوەیەکی هاوبەش ئیدارە بکرێ. بێگومان ئەمەش لێکدانەوەو باسی زۆر هەڵدەگرێ کە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە. لەم پەیوەندییەدا و هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەی جیددیی دیکە کە لە نێوان هەولێرو بەغدا دا هەنو مەسەلەی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێرانو تورکیەوەو بێدەنگیی حکومەتی بەغدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستە "دکتۆر مەحموود عوسمان"، کەسایەتیی سیاسی ناسراوی کوردو ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کردوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**کوردستان: سەرەتا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم کاتەتان بۆ ئەم وتووێژە تەرخان کرد. وەك یەکەم پرسیار، دەبینین سەرکردایەتیی کورد سەبارەت بە کەرکووكو ناوچە دابڕاوەکان تا ئێستا پێداگرە لەسەر جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیی عێراقی فیدراڵ. ئایا لە راپۆرتی "ستیڤان دیمستۆرا"دا کە پێشکەشی حکومەتی فیدراڵی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە تا چەندە ئەم بنەمایە لەبەرچاو گیراوە؟**

**مەحمود عوسمان:** لە راستیدا راپۆرتەکەی دیمستۆرا بریتییە لە چەند پێشنیارێك بۆ لایەنەکان (حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق، عەرەبەکان، تورکمانەکانو..) کە هاوکاریی یەکتر بکەنو پێکەوە دابنیشنو لە رێگەی دیالۆگەوە چارەسەرێك بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. واتە خۆیان رێگەچارەیەکی تایبەتیان بۆ کێشەکان دانەناوە، بەڵکوو دەیانهەوێ ئەمە ببێتە بناغەیەك بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە پێکەوە دابنیشنو بگەن بە رێگەچارەیەك. چەند پێشنیاریان داناوە. هەوڵدەدەن لایەنەکان بۆ ئەو پێشنیارانە دابنێنو لێیان بکۆڵنەوەو بگەنە چارەسەرێك لە نێوان خۆیاندا. ئەو پێشنیارانە لایەنی باشو نێگەتیڤی تێدایە. ئەوەی من ئاگادار بم سەرکردایەتیی کورد ئێستا لەو پێشنیارانە دەکۆڵێتەوەو رەنگە لەو ڕۆژانەدا وڵامی خۆی بە دیمستۆرا بداتەوە و هەروەها رەنگە بە شێوەی ئاشکرا هەڵوێستی خۆشی لەو پەیوەندییەدا رابگەیەنێ.

**کوردستان: پێشوازیی لایەنەکان لەو راپۆرتەی دیمستۆرا بەچ شێوەیەك بووە؟**

**مەحمود عوسمان:** ئەوەی من ئاگادار بم هەر لایەنێك تێبینی خۆی لەسەر ئەو راپۆرتە هەیە. بڕوا ناکەم راپۆرتەکە هیچ لایەنێکی بەتەواوەتی رازی کردبێ. من پێموایە لایەنەکان تێبینییەکانی خۆیان پێشکەشی دیمستۆرا، UN و لایەنەکان دەکەن. ئەوانیش بێگومان بۆچوونی خۆیان هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو تێبینییانەدا. ئەوەی من بیزانم هیچ لایەنێك بەتەواوەتی ئەو پێشنیارانەی پەسەند نەکردوەو پێشنیارەکانیش ئەوە نین کە بڵێی دەبێ پەسند بکرێ یا بڕیار بێ پەسند بکرێو یا خود لایەنەکان دەبێ وەریبگرن. پێشنیارەکان بۆ ئەوەیە کە لایەنەکان لێی بکۆڵنەوەو رای خۆیان لەو پەیوەندییەدا بڵێن. بۆیە بەو پێیە UN هەوڵدەدات لایەنەکان لەگەڵ یەکدی دابنێو بگەنە رێگەچارەیەك بۆ کێشەکان. ئێمە وەك کورد پێمان وایە کە لەو پەیوەندییەدا هەر پێشنیارێك بکرێ پێویستە مادەی ١٤٠ لەبەرچاو بگرێ، چونکە لای ئێمە ماددەی ١٤٠ بریتییە لە چارەسەری بنەمایی بۆ ئەو کێشەیەو شتێکی دیموکراتیکە کە دەیهەوێ رای خەڵکی ناوچەکە وەربگرێ. ناوچەیەکیش کە بتەوێ چارەنووسی دیاری بکەی، دەبێ لە ریفراندۆمێکی ئازاددا دەنگی خەڵك وەربگری. دەبێ خەڵك خۆی بڕیار بدات نەك شتیان بەسەردا بسەپێنی.

**کوردستان: هەروەك دەوترێ یەکێك لە پێشنیارەکانی دیمستۆرا، ئیدارەی هاوبەشی شاری کەرکووکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغداوە، ئایا پێتوایە ئەمە رێگاچارەیەکی (لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ) گونجاوە یا لە بنەڕەتدا بە پێی ئەو هەمووە کێشەیەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، لە شارێکی پڕ کێشەی وەك کەکووکدا ئەو دوو لایەنە دەتوانن ئیدارەیەکی هاوبەش کە خزمەتی ئەو شارە بکا، بەڕێوە ببەن؟**

**مەحمود عوسمان:** لە رووی ئەوەی کە کەرکووك دەبێ ئیدارەیەکی هاوبەشی هەبێ، ئەوە راستە. چونکە کەرکووك چەند نەتەوەی تێدایەو دەبێ هەموویان لە بەڕێوەبردەنو ئیدارەکردنیدا هاوبەش بن. لە بەر ئەوە دەبێ هاوبەش بێ. بەڵام ئەو پێشنیارەی دیمستۆرا کە دەڵێ حکومەتی بەغدا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە هەوڵبدەن رێککەون لەسەر چۆنیەتی ئێدارەکردنی ئەو شارە، دیارە ئەو کات دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغدا کێشەکانی خۆیان چارەسەر کردبێتو بتوانن هاوکایی یەکتر بکەن. بەڵام ئەوەی من بیزانم ئەم پێشنیارە لە لایەن بەشێك لە لایەنەکانی تورکمانو هەندێك لە لایەنە عەرەبەکانی کەرکووك زۆر پەسند نەکراوە. چونکە نایانهەوێ هەرێمی کوردستان دەوری هەبێ لەو کێشەیەداو زیاتر دەیانهەوێ کێشەکە پەیوەندی بە بەغداوە هەبێ.



**ئێمە وەکوو هاوپەیمانیی کوردستان بڕوامان بە ماددەی ١٤٠ هەیە، چونکە ماددەی ١٤٠ زۆر فراوانتر لەوەیەو بڕیارەکە دەداتە دەست خەڵکی ناوچەکە نەك ئەم لایەن ئەو لایەن یا ئەم هێزی سیاسی و ئەو هێزی سیاسی. ئەمە زۆر دیموکراتیکترو راستترە چونکە خەڵکی ناوچەکە لە ریفراندۆمێکی ئازاددا دەنگی خۆیان دەدەن**

**کوردستان: دکتۆر جگە لە ماددەی ١٤٠، دەبینین کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێراوی دیکە لە نێوان هەولێرو بەغدا دا هەیە. ئایا لە پەنای ئەم کێشانەدا پێتوایە کە ئەوە میکانیزمێکی گونجاو هەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی بەغدا لەم بارەوە هاوکاریی یەکتر بکەنو بتوانن بە رێککەوتنێك بگەن؟**

**مەحمود عوسمان:** ئەگەر کێشەکانی دیکەی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدا چارەسەر نەکرێنو نەتوانن پەیوەندیەکی باشیان هەبێ لە نێوان خۆیاندا، ئاسان نیە لەسەر ئەم کێشەیە هاوکاریی تەواوی یەکتری بکەن. چونکە بەڕاستی ئەمە کێشەیەکە ئەگەر بیانهەوێ هاوکاری بکەن، پێویستە کێشەکانی دیکەش یەکلا بکەنەوەو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە. لەبەر ئەمە بەگشتی چ لەسەر ئەم کێشەیەو چ لەسەر کێشەکانی دیکەش پێویستە گفتوگۆی جیددی لە نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدا دا هەبێو هەوڵبدەن بە شێوەیەکی ورد بکۆڵنەوە لە کێشەکان و ئەو پێنج کۆمیتەیەی کە کاتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دانران وەکار بخرێنو ئیشەکانیان جێبەجێ بکەن. هەروەها سەرکردایەتییەکان دەبێ دابنیشنو چارەسەری بۆ ئەم کێشانە بدۆزنەوەو بتوانن بە وردیش لە کێشەی کەرکووکیش بکۆڵنەوە.

**کوردستان: کاتی خۆی "جۆ بایدن" سەردانی کەرکووکی کردو چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکی بۆ کەرکووکییەکان بە جێی هێشتو رایگەیاند کە دەبێ هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك خۆیان بەڕێککەوتنێك بگەنو بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەڵوێستەی بایدن لەوەو نایە کە حکومەتی ئۆباما نایهەوێ لەم کێشەیەدا دەستێوەردان بکاو بە قەولی کوردی نایهەوێ خۆی پیاو خراپ بکا، یان ئەمریکا لە راستیدا بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ کێشەی کەرکووك نیە؟**

**مەحمود عوسمان:** نەك بۆ کەرکووك، ئەمریکا بۆ هیچ کێشەیەك لە عێراقدا بەرنامەیەکی تایبەتی نیە. ئەمەش لە خۆیدا یەکێکە لە کێشەکان. حکومەتی ئۆباماش هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوەوە وتوویەتی کە ئێمە عێراق بۆ عێراقییەکان بەجێدەهێڵین. هەوڵدەدەن خۆیان لە کێشەکان دوور بخەنەوە، بەڵام ئەمە سروشتییە. هەروەها نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ناشیانهەوێ عێراق بە شێوەیەك جێ بهێڵن کە کێشەی تێدا بێ و ببێتە بشێوی، بەم بۆنەوە ئەوان وەکوو UN رایان ئاشکرایەو لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێکهاتەکانی شاری کەرکووكو لایەنەکانی دیکەی عێراق پێکەوە هەوڵبدەنو بگەنە رێگەچارەیەكو خۆیان کێشەکان چارسەر بکەنو ئەگەر خۆیان لەگەڵ یەك رێك نەکەون ئەستەمە لایەنی دیکە هاوکارییان بکا. بەڵام ئەمەش شتێکی ئاسان نیە چونکە هەر لایەنێك بە شێوەیەك بیر دەکاتەوەو هەر لایەنێك هەوڵدەدا بەلای خۆیدا رای بکێشێ. لەبەر ئەوە ئەمە لای من شتێکی تیۆریکەو جێبەجێکردنی ئاسان نیە. ئەمە رای ئەمریکایەو

←

ئەگەر ببینێ ناتوانێ وەکوو پێویست جێبەجێ بکرێ، ڕەنگە ئەوانیش بیرێکی دیکەی لێبکەنەوەو هەوڵبدەن ئەو کێشانەی کە لە کەرکوك، موسڵو... هەنو کوردیش بەشێکە لەو کێشانە دەبێ بیرێکی دیکەی لێبکەنەوەو بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن هاوکاریی لایەنەکان بکەن بۆ چارسەر کردنی ئەو کێشانە، ئەگەر هەروا جێی بهێڵنو لێگەڕێن بۆ خودی لایەنەکان ئەو شتێکی ئاسان نیە. بە ڕای من هەم ئەمریکاو هەم UN و لایەنەکانی دیکەش دەبێ هاوکارییان بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا.

**کوردستان: ئەگەر بێتوو بڕیاری ئەوە درا کە پێکهاتەکانی شاری کەرکوك خۆیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتری ڕێگایەك هەڵبژێرن، ئایا پێتوایە لە هەلومەرجی ئێستا لانیکەم لەم چەند ساڵەدا ئەگەری ڕێککەوتن لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا هەیە. چونکە ئێستا وەك دەبینین هەرکام لە پێکهاتەکان لە بەرژەوەندی خۆیانەوە قسە دەکەنو بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکەن؟**

**مەحمود عوسمان:** ئێمە وەکوو هاوپەیمانیی کوردستان بڕوامان بە ماددەی ١٤٠ هەیە، چونکە ماددەی ١٤٠ زۆر فراوانتر لەوەیەو بڕیارەکە دەداتە دەست خەڵکی ناوچەکە نەك

ئەم لایەن ئەو لایەن یا ئەم هێزی سیاسی و ئەو هێزی سیاسی. ئەمە زۆر دیموکراتیکترو ڕاسترە چونکە خەڵکی ناوچەکە لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا دەنگی خۆیان دەدەن. زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە چیان ویست ئەو جێبەجێ دەکرێ. ئەمە شتێکی ئاسانو ڕوونەو دەتوانین بەو شێوەیە جێبەجێ بکەین. لەبەر ئەمە ئێمە دەڵێین بۆ نموونە کورد دنگێکی هەیە، تورکمان دەنگێکی هەیە، عەرەب دەنگێکی هەیەو بەگشتی هەر لایەنێك دەنگێکی هەیە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە زۆربەی زۆریان بە پێی ماددەی ١٤٠ دەتوانن دەنگی خۆیان بدەنو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنو ئەمە شتێکی زۆر دیموکراتیکترە. ئێمە ئەمەمان پێی باشترو ڕاسترە، بەڵام بەداخەوە لایەنەکانی دیکە ئەمەیان لا پەسند نیەو تەنانەت هێندێکیشیان دەڵێن ماددەی ١٤٠ نەماوە. ئەمە بە هیچ شێوەیەك ڕاست نیە، چونکە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی یاساییە. مادام یاسای بنەڕەتی هەیە ماددەی ١٤٠یش هەیە و بە ڕای ئێمە جێبەجێ کردنی ڕێگاچارەیەکی باشە بۆ ئەو کێشەیە.

**کوردستان: دەبینین کە حکوومەتی مالکی بەشێوەیەکی بەربڵاو هەوڵەدا دەسەڵاتێکی بە تەواوەتی ناوەندگەرا زاڵ بکا و تارادەیەك دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمیش سنووردار بکاتەوە. بە ڕای ئێوە چارەسەر نەکرانی ئەم کێشانە لە بەرژەوەندی حکوومەتی بەغدادا نیە؟**

**مەحمود عوسمان:** من ئەوەی ئاگادار بم، لەسەر ئەو باوڕەم کە حکوومەتی بەغدا پەلەی نیە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەداو بەڕاستی دەستپێشخەریی نەکردوە بۆ چارەسەرکردنیان. چونکە پێی وایە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات ڕەنگە حکوومەتی هەرێم لاواز بێو خۆیان بەهێزتر بنو لە ئاکامدا تەرازووی هێز بەلای خۆیاندا ڕابکێشنو کێشەکان بە قازانجی ئەوان چارەسەر بکرێن. لەم پێناوەشدا داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم، گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، زیادکردنی دەسەڵاتی بەغدا و... دەکەن. بەڵام ئەو قەناعەتەیان ناڕاستە. چونکە ئەوان دەبێ ئەو کێشانەی کە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هەیانە چارەسەر بکەنو دەستپێشخەریش بکەن. هەروەها ئەو کێشانەی کە لەگەڵ عەرەبی سوننە هەیانە دەبێ چارەسەری بکەن. کێشەی عێراق تەنیا شیعە نیە، عەرەبی سوننەش دەبێ ڕازی بکەن، کوردیش دەبێ ڕازی بکەن. بۆیە بە باوەڕی من دەبێ مالکیو حکوومەتەکەی دەستپێشخەری بکەنو گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەن. هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەمە ئامادەیە، بەڵام ئەگەر هەر دوای بخەنو بڵێن وەخت لە بەرژەوەندی ئێمە دایەو لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە ئەوە ڕاست نیە. بۆ نموونە دەبینی ئێستا بارودۆخی ئاسایشی عێراق خراپتر بووە، کێشەکان زیاتر بوون، تەقینەوە زیاتر بووە. مەرج نیە وەخت هەمیشە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێ، بەپێچەوانەوە وەخت بڕێ جار کێشە زیاتر دەکات لە عێراقو ئیشەکان ئەستەمتر دەبێ.

**کوردستان: ڕاگرتنی کێشەکان بەو شێوەی کە حکوومەتی بەغدا هەوڵی بۆ دەداو بە پێی ئەو داواکارییانەی کە ئاماژەتان پێ کرد، پێتوایە لە ئاکامدا چ کێشەیەکی دیکەی لە نێوان لایەنەکان بەگشتی و بەتایبەتی لە نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا دا لێبکەوێتەوە؟**

**مەحمود عوسمان:** ئەم کێشانە دەبێ چارەسەر بکرێن. بەباوڕی من ئەگەر چارەسەر نەکرێن توندوتیژیو کێشەی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە چاو لێبکەن، لە موسڵ لە نەینەوا، ئەو کێشانەی کە دروستبوون لە موسڵ لە نێوان لیستی "حەدبا"و لیستی "هاوپەیمانیی کوردستان"و لیستی "برایەتی"ی نەینەوا. ئەوان دەیانهەوێ کورد پەراوێز بخەنو لە ئیدارەکردنی ئەم ناوچانەدا بەشداری نەکەن. ئەوە شتێکی ناڕاستەو لەگەڵ ڕێککەوتنەکان و یاسای بنەڕەتی ناگونجێ. ئەوە لە خۆیدا پەیوەندی بە ناکۆکی نێوانی هەرێمی کوردستانو بەغداوە هەیە. ئەگەر هەرێمی کوردستانو حکوومەتی بەغدا ڕێککەوتبانو کێشەکانیان چارەسەر کردبایە، ئەو کێشەیەش وا نەدەبوو بەوە شێوەیە لە نەینەواو ئاسانتر چارەسەر دەکرا. واتە ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکان دروست دەبن هەموو تارادەیەك پەیوەندییان بەو ناکۆکیانەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی بەغدا هەیە. ئەگەر ئەو کێشانەی کە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی بەغدا هەیە بە پێی یاسای بنەڕەتیو بە ڕێککەوتن چارسەر بکرێ، زۆر کێشەی دیکە کە ئێستا هەن لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە پەرە ناستێنن بەرەو ئاراستەیەکی خراپترو چارەسەر دەبن.

**کوردستان: بابەتێکی دیکە لە ئارا دایە کە زۆر جار لە میدیاکان دەکەوێتە بەرباس ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لێکدانەوە باس لەوە دەکا کە ئەگەر ئەو کێشانەی نێوان لایەنەکان بەگشتیو نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی بەغدا بەتایبەتی چارەسەر نەکرێن، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە شەڕێکی نێوخۆییەوە دەگلێ. بە باوەڕی ئێوە ئەم لێکدانەوەیە تا چەندە دەتوانێ ڕاست بێ؟**

**مەحمود عوسمان:** ئێمە دەمانهەوێ بە هەموو شێوەیەك دوور بین لە شەڕوشوڕ. عێراق شەڕوشوڕی زۆر دیوەو کوردیش زۆرتری دیوە. نامانهەوێ بگەڕێینەوە ناو ئەو شەڕوشوڕە. بەڵام دەبێ هەموو لایەکیش ئەوە بزانن کە ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، پەرەدەستێننو بەرەو لایەنێکی نێگەتیف دەچێو خەڵکێکی زۆریش چەکدارە. ڕەنگە لە ئاکامی چارەسەر نەکردنی کێشەکاندا ناکۆکی دروست ببێو هەندێ خەڵك بیر لەوە بکەنەوە کە بە چەك کێشەکان چارەسەر بکەن. کە بە چەکیش چارەسەر ناکرێ. بۆیە بە باوەڕی من دەبێ وردتر بیر لێبکرێتەوە. بەتایبەتی مالکیو حکوومەتی بەغدا، چونکە



بەرپرسایەتییەکی زیاتریان لەسەر شانە. دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەستپێشخەری بکەن. ئەگەر دەستپێشخەری بکەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادیە. هەموو لایەنەکان ئامادەن کە هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ کێشەکان بدۆزنەوەو لایەنی دەرەکیش هاوکارییان دەکا. ئەمریکا، UNو... هاوکاریی دەکەن. بەڵام ئەگەر دەستپێشخەری لە لایەن خودی لایەنە عێراقییەکانەوە نەبێ، ئیمکانی نیە کە خەڵکی دیکە بێ لەباتی ئەوان کێشەکان چارەسەر بکەن چونکە ئەمە کێشەی ئەوانەو دەبێ هەوڵبدەن چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە.

**کوردستان: لە پەیوەندی لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا تەنیا ئاماژەتان بە ئەمریکاوUN وەکوو لایەنی دەرەکی کرد. لێرە پێمخۆشە ئەو پرسیارە بکەم کە ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ عێراق بە تایبەتی ئێرانو تورکیە لە چارەسەر کردنی ئەم کێشانەدا چۆن دەبینن. تا چەندە دەتوانن یارمەتیدەر بنو ئایا تا ئێستا ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوە کە کێشەکان بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤدا بچێو چارەسەر بکرێن؟**

**مەحمود عوسمان:** بە باوەڕی من تورکیەو ئێرانو هیچ کام لە دراوسێیەکانی عێراق نایانهەوێ ئەم وڵاتە بەهێزو یەکگرتوو بێ. دەیانهەوێ عێراق لاواز بێو قازانجی خۆیان لە بارودۆخی عێراق وەربگرن. ئێرانو تورکیەش بێگومان هەر وان. لە لایەکەوە دەیانهەوێ هێزی کورد لاواز بکەنو هەرێمی کوردستان لاوازتر بکەن. وەکوو دەبینن هەموو ڕۆژێك تۆپبارانی دەکەنو بە فڕۆکە لێدەدەن. چونکە خۆیان بڕوایان بە مافی کوردەکانی خۆیان نیە، بۆیە نایانهەوێ کوردی ئەوبەری سنوور هێزو توانای هەبێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەور نابیننو هیچ هەوڵیش نادەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو بەغدا، بە پێچەوانەوە هەمیشە لەسەر هەرێمی کوردستان زەخت دەکەن کە بیکەن بە گژ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کوردی باکووری کوردستان و پەکەکەدا.

ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانو بەو شێوەیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاواز دەکەن، کێشەی بۆ دروست دەکەنو زەختی دەخەنە سەر. بۆیە بڕوا ناکەم کە هەوڵی ئەوەیان دابێ کە ئەو کێشانە بە شێوەیەکی بێ لایەنانە لە نێوان هەولێرو بەغدا چارەسەر بکرێ.

**کوردستان: دکتۆر ئەگەرچی تارادەیەکیش ئاماژەتان پێکرد، بەڵام وەکوو دوایین پرسیار کە ڕەنگە ئەوەندەش پەیوەندی بە تەوەری باسەکەوە نەبێ، بەڵام بە پێویستم زانی کە ڕای جەنابت لەسەر تۆپبارانو بۆمبارن کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن دوو ڕێژیمی ئێرانو تورکیەوە چیە. هەندێك کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە مالکی بۆ گوشارهێنان بۆ سەر حکوومەتی هەرێم ئەم تۆپبارانە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێ، بۆیە تا ئێستا هەڵوێستێکی شیاوی نەبووە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**مەحمود عوسمان:** بێگومان هاوکاریی ئەمنییەتی لە نێوان تورکیەو حکوومەتی مالکیو ئێرانو حکوومەتی مالکی دا هەیە. ئەمریکاش هاوکاریی مالکی دەکات. ئەو هاوکارییە ئەمنییەتییە کە لە نێوان حکوومەتی تورکیەو حکوومەتی مالکیو حکوومەتی ئێرانو حکوومەتی مالکی دا هەیە زیاتر بە شێوەیەکە کە هەموو لایەك دەیانهەوێ بە شێوەیەك لە توانایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو خەڵکی باشووری کوردستان کەم بکەنەوە. ئەمە بە مەترسی بۆ سەر بارودۆخی خۆیان دەزانن. لەبەر ئەوەیە دەبینی ئەو تۆپبارانو بە فڕۆکە لێدانە کە بووە بە شتێکی ڕۆژانەو حکوومەتی بەغدا هیچ قسەیەك ناکاو شەرمەزاری ناکاو هیچ کارێکی جیددی نەکردوە لەگەڵ ئێرانو تورکیە کە ئەو تۆپبارنو لێدانە ڕابگرن. کە کاری جیددی نەکردو باسی نەکرد بەو مانایە کە لە نێوەرۆکدا بەو شێوەیە دژی نیە. بۆیە ئەو شتە هەیەو ئەوەش یەکێك لەو کێشانەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێ. چونکە لێدانی هەرێمی کوردستان بە تۆپو بەفڕۆکە خۆی واتە لێدانی عێراق، چونکە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراقو سنووری هەرێمی کوردستان سنووری عێراقەو ئەوە پێشێل کردنی سەروەریی عێراقە. بۆیە دەبێ حکوومەتی بەغدا بە شێوەیەك هەوڵبدات کە کۆتایی پێ بێنێ و شەرمەزاری بکاو بەرگریی لێ بکا.

**کوردستان: زۆر سپاس دکتۆر**

**مەحمود عوسمان: سپاس بۆ ئێوەش. سەرکەوتو بن.**

**تورکیەو ئێران چونکە خۆیان بڕوایان بە مافی کوردەکانی خۆیان نیە، بۆیە نایانهەوێ کوردی ئەوبەری سنوور هێزو توانای هەبێ. لە لایەکی دیکەشەوە دەور نابیننو هیچ هەوڵیش نادەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو بەغدا، بە پێچەوانەوە هەمیشە لەسەر هەرێمی کوردستان زەخت دەکەن کە بیکەن بە گژ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کوردی باکووری کوردستان و پەکەکەدا**

# لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە

جەلال حاجیزادە
و: تەها رەحیمی

بەشی چوارەم

ج -٥) پێکهاتەی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی

تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا بۆیە گرینگە، چونکە بە بڕوای زۆربەی شرۆڤەکاران، ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی ئەو وڵاتە بەربەستی سەرەکیی لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوەیە. واتا سەرەڕای ئەوەی کە لە دانوستانە فەرمییانەدا کە پێوەندییان لکانی تورکیە بە یەکیەتی ئورووپادا، لاوازیی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتە تەوەری سەرەکین، بەڵام کێشەی بنەڕەتی کە لە پشت دەرگە داخراوەکانیشدا ددانی پێدانراوە ـ ئاستەنگە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانن. ئەوە راست ئەو بابەتەیە کە "رەجەب تەیب ئەردۆغان"یش باسی کردو لەو بارەیەوە وتی: لەمپەڕی سەرەکیی ئەندامەتیی تورکیە، کێشەی فەرهەنگییە. "(٢٨)
خوزە مانوئیل باروسو، سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئورووپا، رایگەیاند" تورکیە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی ئورووپا دەبێ بگاتە دێموکراسییەکی سیکۆلار" (٢٩) ئەو لە حاڵێکدایە تورکیە وڵاتێکە موسوڵمان بە ٦٥ ملیۆن حەشیمەتەوەو ئۆگرییەکی زۆریان بە ئایینی ئیسلام هەیە. خەڵکی ئەو وڵاتە بەر لەوەی کە سەر بە فەرهەنگی تورك بن سەر بە شارستانییەتی ئیسلامین. ئەگەرچی مستەفا کەماڵ لە ماوەی ١٥ ساڵدا توانی هێندێك مەبەستی خۆی بۆ نزیکبوونەوە لە فەرهەنگی رۆژئاوا بپێکێ و ئەو رەوتە لە لایەن جێگرەکانیشیەوە درێژەی پێدرا، بەڵام شۆڕبوونەوەی ئیسلام بە ناخی کۆمەڵگەی تورکیەدا جۆرێك دووالیزمی لە نێوان سیستمی سیاسی و گوتاری کۆمەڵگەدا هێناوەتە گۆڕێ. بۆیە هەوڵەکانی تورکیە بۆ چوونە ریزی وڵاتانی ئورووپاییەوە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی دەستی پێکرد. (٣٠)

راستییە ئارایی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی تورکیە ئەو وێنای کە ئێلیتەکان لە تورکیەیان بەدەستەوە داوە پشتڕاست ناکەنەوە. مودێرنیزاسیۆنیش نەیتوانیوە رواڵەتەکانی (هێما) فەرهەنگی نەریتیی ئەو وڵاتە لە نێو بباوو ئایین بخاتە پەراوێزەوە. بایەخە لیبراڵییەکان لە لایەن کەم کەسەوە قەبووڵ کراوەو کۆمەڵگەی تورکیە بەگشتی نەبۆتە کۆمەڵگەیەکی رۆژئاوایی.(٣١) جگە لەوەش ئیسلام بە یەکێك پێکهێنەرەکانی شیرازەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی تورکیە دەژمێردرێ. بە لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە، رێژەی موسوڵمانەکانی ئەو یەکە سیاسییە بەرز دەبێتەوەو یەکپارچەیی ئایینیی یەکیەتی کە لە سەر بناخەی فەرهەنگی ئایینی مەسیحییەت دامەزراوە تێك دەچێ. بۆیە وێدەچێ "لەمپەڕی سەرەکیی ئەندامەتیی تورکیە بابەتە فەرهەنگیی ـ کۆمەڵایەتییەکان بن. چونکە ئاستی ئابووریی تورکیە لە زۆر لەو وڵاتانەی رۆژهەڵات و ناوەندی ئورووپا کە لەم ساڵانەی دواییدا بوونەتە ئەندام نەك هەر خراپتر نیە بەڵکوو لە زۆر بوارەوە، باشتریشە. بۆیە، سەرۆك وەزیرانی تورکیە هەوڵێکی زۆری بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدام، ئەشکەنجەو دانی مافی زۆرتر بە کورد لە تورکیە داوە. ئەمڕۆکە پشتیوانی لە لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە کەم بۆتەوەو تەنانەت گەیشتۆتە کەمتر لە ٥٠٪. ئۆتریش بە وەبیرهێنانەوەی پەلاماری ئیمپراتۆڕی عوسمانی بۆ سەر ئورووپای رۆژئاوا، کە ئوتریشیشی گرتەوە، بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەدا نیە تورکیە بە یەکیەتی ئورووپاوە بلکێ. لە لایەکی دیکەوە، هێندێك شرۆڤەکار لەبەر ئەوەی کە ٩٩/٨٪ی حەشیمەتی تورکیە موسوڵمانن لەگەڵ ئەو خەونەی تورکیەدا نین. ئەوان دەڵێن یەکیەتیی ئورووپا "یانەیەکی مەسیحییە" و تەنانەت تورکەکان و موسوڵمانەکانی دیکەش زیاتر بە یەکیەتییەکی مەسیحیی دەزانن. هەروەها نیگەرانیەکی زۆر لەبارەی کۆچی تورکەکان بۆ یەکیەتیی ئورووپا لە ئارا دایە." (٣٢)

ج- ٦) پێکهاتەی حەشیمەتناسی

حەشیمەتی تا رادەیەك زۆری تورکیە لە چاو وڵاتانی دیکەی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا هەمیشە وەك سیگناڵێکی وریاکەرەوە بۆ یەکیەتیی ئورووپا وابوو. تورکیە بە ٦٥ میلیۆن حەشیمەتەوە ئەگەر ببێ بە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا یەکێکە لە شوێندانەرترین وڵاتانی یەکیەتی ئورووپاو رادەی نوێنەرەکانی لە کۆمیسیۆنە جۆراوجۆرەکان و پارلمانی ئورووپادا تەنانەت هێندێك زیاتر لە وڵاتانی وەك فەڕانسەو ئینگلیزو ئیتالیاو لەهیستان دەبێ. ئاڵمان بە ٨٣ میلیۆن کەسەوە لە بواری حەشیمەتەوە گەورەترین وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپایە کە ئەویش بە سەرنجدان بە دابەزینی زاوزێ لە دەیەکانی داهاتوو لە ئورووپادا، تورکیە دەبێتە پڕ حەشیمەتترین وڵاتی ئورووپایی. رێژەی زیاد کردنی حەشیمەت لە تورکیە بە شێوەی مامناوەندی



زیاتر لە ١/٩٪ە. لەبەر ئەو هۆکارانە ئەو کەسانەی دژی بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتی ئورووپان نیگەرانی پێگەی بەرزی تورکیەی موسوڵمان لە نێو مەسیحییەکانی ئورووپا دان. "(٣٣) ئەوە لە حاڵێکدایە کە رێژەی زیاد کردنی حەشیمەتی هێندێك لە وڵاتانی ئورووپایی بەرەو خوارەوەی سیفر دابەزیوە. هەروەها ئورووپاییەکان لەوە نیگەرانن کە رادەی دەنگی تورکیە لە دامەزراوە ئورووپاییەکاندا کە لەواندا دەنگدان بە پێی رێژەی حەشیمەتە وەکوو ئەنجومەنی ئورووپا (٣٤) و پارلمانی ئورووپا (٣٥) زیاتر بێ."(٣٦)

ج - ٧) دیاردەی کۆچ

راڤەکاران لەسەر ئەم بڕوایەن هەر دوای لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە لانیکەم ٢/٧ میلیۆن تورك بە دوای کاردا روو لە ئورووپا دەکەن. بە پێی مەزندەی کۆمیسیۆنی ئابووریی ئورووپا لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە، ٢٨ میلیارد یۆرۆ بۆ ئەو یەکیەتییە هەڵدەگرێ.(٣٧) جگە لەوەش ئورووپاییەکان نیگەرانی ئەوەن بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپاداو کۆچی هێزی کار لەو وڵاتەوە بەرەو وڵاتانی دیکەی یەکیەتی، ببێتە هۆی زیادبوونی رێژەی بێکاری و رادەی بێکاران کە یەکێك لە کێشەکانی یەکیەتی ئورووپایە. لائیکتر بوونی هێندێك رەوتی سیاسیی تورکیە، سەپاندنی هێندێك سنووردارێتی ـ وەك قەدەغەکردنی سەرپۆش و باڵاپۆش (حجاب)، باشتر بوونی دۆخی خۆشبژێوی ئورووپا، یارمەتیدەری کۆچ لە تورکیە بەرەو ئورووپان. ئەوە لە حاڵێکدایە "چوونە سەری کۆچی نێوخۆیی بە هۆی نەبوونی ئیمکانات لە ناوچەکانی رۆژهەڵات و ئاسەواری کاولکارانەی شەڕی نێوان ئەرتەش و پارتی کرێکارانی کوردستان میلیۆنان کەسی ئاوارەی شارە گەورەکانی وەك ئانکارا، ئیستانبول، ئەزمیرو شارەکانی دیکە کردوە." (٣٨) ناشارەزابوون لە کارداو نزمبوونی ئاستی داهات و بێکاری کە هۆکارەکەی ئەو کۆچە نێوخۆییانەیە بە یەکێك لە کەڵکەڵەو کێشەکانی داهاتووی یەکیەتیی ئورووپا دەژمێردرێ.

ج - ٨) فاکتۆری جوگرافیایی

یەکێك لەو هۆکارانەی کە تا ئێستا رەوتی دانوستانەکانی لکانی تورکیەی بە یەکیەتیی ئورووپای درێژ کردۆتەوە ئەوەیە کە تەنیا٣٪ی خاکی ئەو وڵاتە لە سنووری جوگرافیایی ئورووپادا هەڵکەوتوەو هەر ئەو دۆخەش باس و گەنگەشەیەکی زۆری لە بارەی ئەوەی کە دەبێ سنوورە راستەقینەکانی ئورووپا تا کوێ درێژەیان هەبێ هێناوەتە گۆڕێ." (٣٩) یەکەم بابەت لەو پێوەندییەدا، هاوسنووربوونی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە لکانی تورکیە بە یەکیەتی ئورووپاوە، یەکیەتی لەگەڵ وڵاتانی وەك لوبنان، سووریە، عێراق، ئێران و ئیسرائیل دەبێتە هاوسنوور. ئەم هاوسنوورییە کێشەی سنووریی زۆر بۆ یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەراست بەدواوە دەبێ، ئەوە لە حاڵێکدایە ئێستا یەکیەتیی ئورووپا بە هۆی تورکیەوە ئەو کێشانەی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە. هەر چەند کە قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین راستەوخۆ کار دەکەنە سەر یەکیەتی، بەڵام ئەو یەکیەتییە بە هۆی نەبوونی پتانسێل و توانای کاریگەر لە یەکیەتیدا بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئەو ناوچەیە پێی ناکرێ وەك ئەمریکا رۆڵێکی بەرچاو لە ناوچەدا بگێڕێ. (٤٠)

**به لکانی تورکیه به یەکیەتی ئورووپاوە، یەکیەتی لەگەڵ وڵاتانی وەك لوبنان، سووریە، عێراق، ئێران و ئیسرائیل دەبێتە هاوسنوور. ئەم هاوسنوورییە کێشەی سنووریی زۆر بۆ یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەراست بەدواوە دەبێ، ئەوە لە حاڵێکدایە ئێستا یەکیەتیی ئورووپا بە هۆی تورکیەوە ئەو کێشانەی لە کۆڵ خۆی کردۆتەوە**

لە لایەکی دیکەوەش هێندێك لە ئەندامانی یەکیەتی ئورووپا لە سەر ئەو بڕوایەن هاوسنووربوونی تورکیە لەگەڵ ئێران، عێراق، سووریە، ئەرمەنستان و گورجستان، کێشەو ئاریشەی نوێتر بۆ یەکیەتی بەدواوە دەبێ. ئەوان دەڵێین پەرەپێدانی سنوورەکانی ئورووپا ناسەقامگیری، گەنگەشەو تیرۆریستی لێ دەکەوێتەوەو پێیان وایە یەکیەتی ئورووپا نابێ ببێتە دراوسێی ناوچە کێشەدارەکان. (٤١) بەو حاڵەشەوە ئەگەرچی رەوتی بە ئەندامبوون لە ئورووپا هەر چەند ماوەیەکی دوورو درێژیش بخایەنێ، بەڵام مەبەست ئەندامەتیی تەواوی تورکیە بێ، دەتوانی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناڤین بێ. (٤٢)

# پێشەنگانی هزری دێموکراسی

ن: حوسێن بەشیریە
(٦)
و. بۆ کوردی: ئامانج









**ئالێکسی دوتوکویل (١٨٥٩ - ١٨٠٥**

توکویل، مێژووزان و بیرمەندی سیاسیی فەرەنسی سەر بە بنماڵەیەکی خانەدان بوو و سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەکەی لە رەوتی شۆڕشی فەرەنسا دا زیانی زۆری وێ کەوت، لەو بڕوایە دابوو کە هزری بنەماڵەیی دێموکراسی، واتە ئازادی رەواییەکی وای وەدەست هێناوە کە ناکرێ لە بەرانبەریدا خۆڕاگری بکرێ. ئەو بۆ خۆی بە پشتگری لە پاشایەتی لیبڕاڵی لویی فیلیپ لە پێشنەی خانەدانیی خۆی دوور کەوتەوەو دەستی کرد بە داکۆکی لە لیبرالیسم و دێموکراسی. ئەو لە مەودای نێوان ساڵەکانی ١٨٣٩ تا ١٨٥١ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووو بە هۆی دژایەتی لەگەڵ کودێتای ناپلیۆن ناچار بوو واز لە پیشەی سیاسی بێنێ. گرنگترین بەرهەمی ئەو لە بواری دێموکراسی دا کتێبی دوو بەرگیی دێموکراسی لە ئەمریکا (٤٠ -١٨٣٥) بوو. بەڵگاندنی سەرەکیی تۆکویل لەو کتێبەدا، ئەوەیە کە جیهانی مودێرن، جیهانێکی دێموکراتیکەو ئیتر دەرەتانی دامەزرانی ئۆتوریتەی رەوا لە سەر بنەمایەکی جیاواز لە دێموکراسی نەماوە، بە وتەیەکی دیکە ویستی یەکسانی، گرنگترین تایبەتمەندیی جیهانی مودێرن و سیاسەتی نوێیە، هەر چەند لەوانەیە ئەو سیستمانەی لە سەر هزری مرۆڤەکان راوەستاون بەختەوەریی یا چارەڕەشی ژیانی سیاسییان لێ بکەوێتەوە.

ویستی یەکسانی لەلایەك لەوانەیە هەر چەشنە سەرەتی و سەرترییەکی تاکەکەسی لە نێو بەرێ و لە زۆربەی دەسەڵاتدارەکان دا مەیلی سەرەڕۆیانە بەرهەم بێنێ. خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ لە یەکسانی دژی تاکایەتییە کە بۆ خۆی بە یەکێك لە چەمکە بنەماییەکانی دێموکراسی دەژمێردرێ. بە بڕوای تۆکویل سەرەڕۆیی زۆرینە دەبێتە هۆی لاواز بوون و تێك رووخانی دامەزراوەو ئەنجومەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە پاڵپشتی سەرەکیی بەرگری لە بەرانبەر ئۆتوریتەی دەوڵەت دەژمێردرێن و ئەمەش بۆ خۆی لەگەڵ گیانی دێموکراسی ناتەبایە. دێموکراسی پێویستی بە پێوەندییە مەدەنییەکان و ئەو ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییانەیە کە گرێدەری تاك و حکوومەتن هەیە. لە ئامادەیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکان دا دۆخێك جێگیر دەبێ کە تۆکویل پێی دەڵێ سەربەخۆیی و بە رای ئەو لەوانەیە ئەوەندە تاکایەتی لاواز بکا کە تاکەکان بە سانایی بکەونە ژێر باڵادەستیی بیروڕای گشتییەوەو تەنانەت گرفتاری حکومەتی رەهای ئەو دەسەڵاتدارنە بن کە تەنیا وادەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان پێ دەدەن. لە لایەکی دیکەوە ویستی یەکسانی لە کۆمەڵگەی مودێرندا دەتوانێ دەرەنجامی ئەرێنیی هەبێ و ببێتە ویستی سیاسی و ئاکاری لە نێوان ئەو تاکانەدا کە سەبارەت بە شێوازی ژیانی خۆیان قانوون دادەنێن. ئازادی و یەکسانی تەنیا لە هاوبەشی لە حکوومەت کردن بە سەر خۆ دا دەردەکەوێ. لەم روووەوە تۆکویل بە توندی لە ژێر کارتێکەریی ژان ژاك رۆسۆدا بوو.

دەربارەی دێموکراسیی ئەمریکایی، تۆکویل لەو بڕوایەدا بوو کە سیستمی سیاسیی ئەمریکا ناتوانێ بە تەواوی مەترسیی سەرەڕۆیی زۆرینە نەهێڵێ. لەگەڵ ئەمەشدا بەهرەداربوونی خەڵکی ئەمریکا لە پێکهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو بیاڤەکاندا ئەم مەیلە کەم دەکاتەوەو رێگە لە سەرهەڵدانی باری سەربەخۆیی دەگرێ. دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەمریکا وەك قوتابخانەگەلێك وان کە خەڵك لەواندا وانەی دێموکراسی فێر دەبن. لە سیستمی دێموکراسیی ئەمریکادا بەم چەشنە لە نێوان هزری یەکسانیی دێموکراتیك و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندی دروست دەکرێ. بەڵام ئاوێتەیەکی تایبەت کە لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکا خولقاوە، بە سانایی لە وڵاتانی دیکە دووبارە نابێتەوە، چونکە بە گشتی لە نێوان دەسەڵاتداریی خەڵك کە مەیلی پێکهێنانی سەرەڕۆیی زۆرینەی هەیەو دامەزراوەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە مەیلی راوەستان لە بەرانبەر ئەوی دا هەیە، رووبەڕوو بوونەوە دروست دەبێ. بە بۆچوونی تۆکویل، ئەو ئاوێتە تایبەتە تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی گونجاویی رۆحی ئایینزای پرۆتستان لەگەڵ رۆحی ئازادی‌دا بووە. چونکە ئایینزای پرۆتستان لەسەر گەشەو هەوڵدان، ئازادی و تێکۆشان و دروستکەریی لە جیهاندا پێداگری دەکا. ئازادی پێویستی بە فەزیلەتە مەدەنییەکان هەیەو بە بۆچوونی دۆتۆکویل فەزیلەتە مەدەنییەکان بە هۆی ئایینزای پرۆتستانەوە دابین دەکرا.

**جیمز مادیسۆن (١٨٣٦ ـــ ١٧١٥)**

مادیسۆن لە بناخەدانەرانی دێموکراسیی ئەمریکاو چوارەمین سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە بوو. هەروەها ئەو بە یەکێك لە تیۆریستە دیارەکانی دێموکراسی دەژمێردرا، کاتێك کە قانوونی بنەڕەتیی نوێی ئەمریکا بۆ پەسند کران بۆ هەرێمەکان نێردرا، ئەلێکساندێر هامیلتۆن داوای لە جیمز مادیسۆن وەك نوێنەری ڤێرجینیا لە کۆنڤانسیۆنی قانوونی بنەڕەتی کرد تا وەکوو لەگەڵ "جان جی" بە مەبەستی داکۆکی لە پەسندکرانی قانوونی بنەڕەتی لە رۆژنامەکانی نیویۆرك دا وتارگەلێك بنووسن. بەم چەشنە هەشتاو پێنج وتار نووسرا کە دواتر بە فیدرالیست ناوبانگیان دەرکرد. مادیسۆن بیست و نۆ وتاری نووسی. بە بۆچوونی مادیسۆن (لەو وتارانەدا) دەبێ حکوومەت نەك هەر بە سەر خەڵکدا، بەڵکوو بە سەر خۆشیدا کۆنترۆڵی هەبێ. سیستمی نوێنەرایەتی و پارلمانی بەرپرسایەتیی حکوومەت لە لای خەڵك دابین دەکا، بەڵام ناتوانێ رێگە لە سەپانی باڵادەستی و سەرەڕۆیی زۆرینە بە سەر کەمایەتییەکاندا بگرێ. بە رای مادیسۆن کۆمەڵگە لە زۆر چین و گرووپی کۆمەڵایەتی پێك هاتوەو بە گشتی بەرژەوەندییەکانی گرووپە کەمایەتییەکان لە بەرانبەر بەرژەوەندییە یەکگرتووەکانی زۆرینەدا خەسار هەڵگرە. مادیسۆن پێی وابوو لە کۆماری بونیات نراو لە سەر فیدراڵیدا، فرەیی بەرژەوەندییەکان و گرووپەکان ئەوەندە دەبێ کە رێگە لە پێکهاتنی زۆرینەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە دەگرێ. مادیسۆن ئەم هزرەی لە بەرانبەر بەڵگاندنی کەسانێکدا هێنایە گۆڕێ کە لەو بڕوایە دابوون حکوومەتی دێموکراسی تەنیا لە وڵاتە بچووکەکاندا توانای بەردەوامیی هەیە. ئەو دەورێکی بەرچاوی لە پەسندکرانی قانوونی بنەڕەتیی ئەمریکاو دە چاککراوەی یەکەمی قانوون بنەڕەتی دا هەبوو.

**ئەندرۆ جەکسۆن (١٨٤٥ ـــ ١٧٦٧)**

جەکسۆن حەوتەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا بوو و لە بەرانبەر نەریتی دێموکراسیی مادیسۆنیدا، پشتگیری لە ئایدیای یەکسانی لە دێموکراسی دا دەکرد. ئەو لە فرەوانبوونەوەی مافی دەنگدان بۆ چینە هەژارەکان داکۆکیی دەکردو لە هەوڵ دابوو نەریتی کۆماری بە واتا رۆسۆییەکەی ببوژێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەش دا دێموکراسیی جەکسۆنی تەنیا خوازیاری مافی وەك یەك بۆ پیاوە سپی پێستەکان بوو و ژنان و کۆیلەکانی نەدەگرتەوە. جەکسۆن لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی خۆیدا لە مافەکانی جەماوەری خەڵك لە بەرانبەر گرووپە خاوەن نفووزو باڵادەستەکان داکۆکیی دەکرد. هەر لەم روووەوە ئەو خوازیاری هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك کۆمار لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە ( لە جیاتی کالێجی هەڵبژاردن) بوو و هێندێك هەنگاوی بە مەبەستی کۆنترۆڵی گرووپە خاوەن نفووزەکانی دەزگای بەڕێوەبەریی ئەمریکا هەڵێنایەوە. جەکسۆن بە تایبەت پێی وابوو کە پاوانکارییەکان و سەرەتییە قانوونییەکانی بانکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بنەمای یەکسانیی نێوان شارۆمەندان پێشێل دەکاو دەسەڵاتی زێدەڕۆیی هێزە بازرگانی و ئابوورییەکان بە سەر ژیانی خەڵکی ئاسایی‌دا پتەو دەکا. لەم روووەوە دەستی بە خەبات دژی ئەو سەرەتییانە کردو سەرەنجام لەو خەباتەدا سەرکەوتوو بوو. جەکسۆن لە خولی دووەمی سەرۆك کۆماری‌دا ، پەلامارەکانی خۆی بۆ سەر بانکەکان پەرە پێدا و ئەوانی بە هاودەستی چینە چەوسێنەرەکان و دوژمنانی چینە زەحمەتکێشەکان لە قەڵەم دا. لەسەریەك دێموکراسیی جەکسۆنی سەرەڕای سنووردارییەکانی، هێندێك زیانی لە بنەما بژاردەگەرایانەی دێموکراسیی ئەمریکا دا.

**جان ستوارت میل (١٨٧٣ ـ ١٨٠٦)**

جان ستوارت میل کە فیلسوفێکی سیاسیی ئینگلیزییە لە تیۆریستە گەورەکانی ئازادی و دێموکراسی بوو و هەوڵی دا بۆ ئەوەی چاکسازیگەلی کۆمەڵایەتی لە پێناو قووڵکردنەوەی دێموکراسی‌دا وەك بەشێك لە نەریتی لیبرالیسم پاساو بدا. هزرە بەراییەکانی میل دەربارەی دێموکراسی لە ژێر کارتێکەریی بیرکردنەوەی جێرمی بێنتهام فیلسوفی سوودگەرای ئینگلیزی دا بوو. ئەو لە سەرەتادا لەو بڕوایەدا بوو مافی دەنگی گشتی، هەڵبژاردنی ئازادو شاراوە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی بەسە. بەڕای ئەو، ئەم چەشنە ئامرازانە رێگەی لە گەندەڵیی حکومەت دەگرت کە هۆکاری سەرەکیی ئەو هەوڵدانی کاربەدەستە گشتییەکان لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دا بوو. بەم پێیە لە روانگەی سوودگەرایانەی میلەوە، دێموکراسی خاوەنی ئەم سوودە بنەڕەتییە بوو کە گەندەڵیی سیاسیی لە نێو دەبرد و هەر بەم هۆیە پاساو دەدرا، نەك بە هۆی ئەوە کە بۆ وێنە ئازادی و تاکایەتی یا مافە بنەماییەکانی مرۆڤەکانی باشتر دابین کرد. بەڵام دوای ماوەیەك میل لەم روانگە سوودگەرایانەیە دوور کەوتەوەو زیاتر کەوتە ژێر کاریگەریی نەریتی سوسیالیسمی فەرەنسی و هەروەها فەلسەفەی حوقووقی ئینگلیزییەوە. پرسیارێك لە دوای ئەمە زەینی میلی بە خۆیەوە خەریك کرد ئەمە بوو کە ئایا خەڵك لە دێموکراسیدا زانست و توانایی فکریی پێویستیان بۆ دانانی قانوون و گرتنە بەری سیاسەتگەلی دروست و کاریگەر دەبێ یان نا. بە بۆچوونی میل خەڵك وەك ئەو نەخۆشانەن کە هەست بە نەخۆشی دەکەن، بەڵام بۆ خۆیان دەوای دەردی خۆیان نازانن و دیارە خەڵك دەتوانن دەرمانی پێشنیاریی سیاسەتڤانان وەرگرن یان رەتی بکەنەوە. کەواتە لە سیاسەتیشدا کارناسگەلێك هەن کە سیاسەتە دروستەکان دەخەنە بەرچاوی خەڵك. بەم پێیە میل لە کتێبی تێبینیی گەلێك دەربارەی حکوومەتی بونیاتنراو لە سەر نوێنەرایەتی (١٨٦١) دا بەڵگە بۆ ئەمە دێنێتەوە کە نوێنەرانی خەڵك و خەڵك بۆ خۆیان توانایی و لێهاتوویی پێویستیان بۆ دانانی قانوون و حکوومەت کردن نیە. لەگەڵ ئەمەشدا بە رای ئەو بوونی پارلمان و نوێنەران بۆ کۆنترۆڵ کردنی حکوومەت پێویستن.

کەواتە دێموکراسیی پوختتر ئەو حکومەتەیە کە لە لایەك لە سەر بناخەی رای زۆرینە و نوێنەرانی ئەوان بێ. لە لایەکی دیکەوە سوود لە دەنگ و دەسەڵاتی "کەمایەتیی شارەزا" لە قانووندانان و بەڕێوەبەریی کاروبار وەرگرێ. لەم روووەوە میل پێشنیاری دەکرد کە کۆمیسیۆنێك بۆ قانووندانان دانرێ کە ئەندامانی ئەو لە نێو رۆشنبیران و شارەزایان دیاری بکرێ و گەڵاڵە پێشنیارە قانوونییەکان بە مەبەستی پەسند کران بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك پێشنیار بکەن. میل هەروەها پێشنیاری دەکرد کە خەڵکی خوێندەوار مافی دەنگی زیاتریان هەبێ. بە بۆچوونی میل سیستمی نوێنەرایتیی رێژەیی کە ئامانجەکەی دابین کردنی ئامادەیی کەمایەتییەکان ، بە تایبەت گرووپە پێگەیشتووو رۆشنبیرەکان بنەمای زۆرینەی هاوسەنگ دەکرد. کەواتە میل لە سەر پێویستیی زانست و لێزانی و زۆرینەی ژمارەیی لە دێموکراسی دا پێداگریی دەکرد و پێی وا بوو دێموکراسی راستەقینە پێویستی بە پێکهاتەیەکی ئەوتۆ هەیە. بە پێچەوانە بە رای ئەو دێموکراسیی بنیات نراو لە سەر زۆرینەی ژمارەیی دێموکراسییەکی ساختە بوو کە وەك خۆی دەنگ و بۆچوونێکی نیە. بەم پێیە دێموکراسیی زۆرینەی کەم مایە، چاوپۆشی لە بەهرەو تاکێتیی زانایان دەکاو زەوق و سەلیقەی جەماوەر لە کۆمەڵگەدا باڵادەست دەکا.

دێموکراسیی ژمارەیی، دێموکراسییەکی ساختەیە، چونکە چاوپۆشی لە جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان خەڵك دەکا. لە بەرانبەردا، دێموکراسیی راستەقینە بۆ هەر کام لە توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە، نفووزو دەوری شیاو لەبەر چاو دەگرێ. کەواتە دێموکراسیی راستەقینە لەجیاتی نوێنەرایەتیی تاکە لێك بڵاو و پڕ ژمارەکان، بواری نوێنەرایەتی بۆ گرووپە جۆراوجۆرەکان لە دامەزراوە سیاسییەکاندا بە دیاری دێنێ.

# ژنان قوربانیانی نایەکسانی لە بازاڕی کاردا

## بۆ حوزووری ژنان لە کۆمەڵداو لە بازاڕی کاردا، جگە لە یاسا، هەلومەرجی کۆمەڵایەتیش زۆر پێویستە

کوێستان فتووحی

لە ماددەی ٢٣ی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوە: "هەرکەسێك مافی هەیە کار بکا، بە دڵخوازی خۆی کار بۆ خۆی هەڵبژێرێ، خوازیاری هەلومەرجی دادپەروەرانەو دڵخوازانە بێ بۆ کار و لە بەرابەر بێکاری‌دا یارمەتی بکرێ.

هەموو کەس مافی هەیە بە بێ جیاوازی، لەبەرانبەر کاری وەك یەکدا مووچەی وەك یەك وەربگرێ. هەرکەس کە کار دەکا مافی ئەوەی هەیە مووچەیەکی عادڵانە بۆ بژیوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی وەربگرێ".....

ئەمڕۆ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گەشەسەندوویی هەر وڵاتێك بەشداریی بەرچاوی ژنانە لە بازاڕی کاردا. بەشداری ژنان لە بازاڕی کاردا، خواستی هاوبەشی تەواوی فیمینیستەکان و لایەنگرانی مافی یەکسانی ژنان و پیاوانە. تێکۆشانی ئابووری ژنان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ژنان و بواری بەربەرەکانی دژی نایەکسانیی نێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە بۆ ژنان خۆش دەکا. بەم چەشنە ژنان ئاسانتر دەتوانن لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیاندا بەربەرەکانی بکەن و مل بۆ ستەم رانەکێشن و، هەروەها بۆ بەرهەمهێنان و پێشکەوتوویی وڵاتیش پێویستە ئەم هێزە کەڵکی لێ‌وەربگیرێ.

رۆزا لوکزامبورك ژنە خەباتکاری جووڵانەوەی پرۆلیتاریا، ژنانی هانددا بچنە بازاڕی کارەوەو هیچ ئیمتیازێکیشیان نەوێ. ئەو دەی گوت گرنگ ئەوەیە جارێ بچنە ئەو مەیدانەوە. نە بۆ منداڵ بوون مۆڵەتی زیادی وەرگرن، نە حەقدەستی زیادییش وەرگرن. ئەوەو نرخێکە کە ژنان بۆ بوونیان لە مەیدانی کارداو بۆ سەربەخۆیی ئابووریی خۆیان دەبێ بیدەن. پێویستە ئەو بەهایە بدەن. دوای ئەوەی حوزووریان لە بازاڕی کاردا چەسپاو توانایان لە بەڕێوەبردنی هەر کارێکدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزپەسند کرا، ئەوکاتە دەتوانن، مووچەی زیاتر داوا بکەن و لە هیچ حەقێکی خۆیان خۆش نەبن.

یەکێك لە خراپترین ئەو وڵاتانەی کە روانگەیەکی نابەرابەری جنسییەتی تێدا بەهێزە وڵاتی ئێرانە. بە هۆی هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامیی ئێران ژنان لەم بوارەشدا وەك زۆر بواری دیکە کەوتنە بەر هەڵاواردنی نارەوا. لە دەیەی یەکەمی هاتنەسەر کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا رێژەی ژنانی کار لە ١٤٪ وە هاتە سەر ٦٪ ە، لەگەڵ ئەوەی رێژەی ژنانی خوێندەوار بەرەو سەر چوو، بەتایبەت ژنانێك کە پلەی خوێندەواریی بەرزیان هەبووەو لەو بارەوە ئێران باشترین نموونە بوو لە چاو وڵاتانی دەوروبەری بەڵام بەهۆی سیاسەتی رەسمیی حاکمانی ئەو وڵاتە بازاڕی کار نەیتوانیوە لەو هێزە گەورەو کارایە کەڵك وەربگرێ. یاساکان و سیاسەتی حاکمییەت رۆڵی گرنگیان هەبووە لە هەڵاواردنی رەگەزی و جێگرتنی کولتوورو نەریتی دژە ژن. لە باری یاساییەوە، بۆ هەر کارێك کە ژن بیهەوێ بیکا رەزامەندیی مێرد پێویستە. پیاو دەتوانێ زۆر ئاسان رێگری لە کاری ژن بکا. ئەم یاسایە بۆتە نەریتی جێگرتوو لە کۆمەڵگەی ئێراندا، واتە تەنیا پیاو بە سەرپەرست و نانهێنەری بنەماڵە دەناسرێ و جێگەو پێگەی ژنیش وەك دایك و هاوسەر لە ماڵدا دەناسرێ.

لە ساڵی ١٣٤٥دا نزیکەی یەك میلیون ژن لە بازاڕی کاری ئێراندا حوزووریان هەبووە. ئەو رێژەیە لە ساڵی ١٣٥٥دا بۆتە ٥/١ میلیون کەس. بە جۆرێك لەو ساڵانەدا رێژەی ژنانی چالاك لە بازاڕی کار ساڵانە نزیکەی ٣/٥ ٪ زیادی کردوە. بەڵام دوای هاتنەسەرکاری رێژیمی ئیسلامی تێکۆشانی ئابووریی ژنان لە بازاڕی کاردا بەرەو کەمی رۆیشت و لە ساڵی ١٣٦٥دا گەیشتە ١/٣ میلیون کەس. بەڵام بە هۆی شەڕی ئێران و عێراق و هاتنە ئارای هەلومەرجێکی تایبەت، دیسان ژنان روویان لە بازاڕی کار کردەوە و رێژەی ژنانی کار رووی لە زیاد بوون کردو ئەم زیادبوونە درێژەی هەبووەو لە ساڵی ١٣٧٥دا لە دوو میلیون کەس تێپەڕی. بەجۆرێك کە رێژەی ژنان لە بازاڕی کاردا لە ساڵی ١٣٦٥، ٨,٨٪ بووو لە ساڵی ١٣٧٥دا گەیشتە ١٢٪. لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئاگایی و وشیاری جنسییەتی لە جیهانداو بەجیهانیبوونی ئەم پرسەو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، هەلومەرج بە قازانجی ژنان گۆڕانی بەسەر داهاتوە. بە جۆرێك کە ئێستا سەرەڕای هەموو ئەو رێگرییە یاساییانە کە لە لایەن دەزگاو سیستمی حاکمەوە بەسەریاندا سەپاوە ژنان لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرو کۆمەڵگەش خەریکە "نا" بە هەموو ئەو یاسایانە دەڵێ کە ژنان دەخزێنێتەوە ماڵەکانەوە. بەڵام دیسانیش ئەم رێژەیەی ژنان لە بازاڕی کاردا لە ئێران لە چاو زۆربەی وڵاتانی جیهان ئێستاش مەودایەکی زۆری هەیە.

ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژنان لە بازاڕی کاردا حوزوورێکی بەرچاویان هەیە، بەو مانایە نیە لەو وڵاتانەدا بنەماڵە گرنگیی نیەو منداڵ لەلایەن دایکەوە پشت گوێ خراوە. لەواندا ژن و پیاو بەرپرسایەتیی هاوبەشیان هەیە، لە پەنا کاری ژن و پیاو دا کۆمەڵێك رێکخراوو بنیاتی جۆراوجۆر هەن بۆ خزمەت بە بنەماڵە. یان بە شێوەیەکی دیکە هەل و فرسەتەکان بۆ ژن و پیاو یان دایك و باوك وەك یەکن. چۆن دایك لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ منداڵ بوون یا راگەیشتن بە منداڵ کەڵك وەردەگرێ ، پیاویش لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئەو بوارەی بۆ خۆشکراوە کە لە ساڵدا مۆڵەت وەربگرێ و شەریك بێ لە کاروباری بنەماڵەدا بۆ ئەوەی هەردووکیان لە هەلەکان وەك یەك کەڵك وەرگرن و بۆ خزمەتی بنەماڵەو بە وڵاتەکەیان بکەن.

ئەوەی لە ئێراندا هەیە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا. لێرە ژن یان دایك هەموو هەلەکانیان لە دەست داوەو وڵاتەکەش بەو شێوەیە ناتوانێ بەرەوپێش بچێ چونکە نیوەی هێزی کارای بەشداری نیە لە بەرهەمهێناندا. بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوودا حکوومەت ئەو زەمینەیەی پێك هێناوە کە نە ئەو هێزە بێ‌کەڵك بکرێ نە بنەماڵە تووشی شێواوی ببێ.

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی رێژەی ژنان لە بازاڕی کاری ئێراندا لە پەرەسەندن دایە، بەڵام بە هۆی ئەو گیروگرفتانەی ئێستاش ژنان لەسەر رێگەیانە، وەك کولتووری کۆمەڵگە، کە ئێستاش لەودا راگەیشتن بە بنەماڵەو ئەرکی دایکایەتی بە ئەرکی سەرەکیی ژنان دەزانێ، ناچارن زۆرتر ئەو کارانە هەڵ بژێرن کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەهایەکی کەمتریان هەیەو کاتێکی زیاتریان بۆ دێڵێتەوە بۆ راگەیشتن بە منداڵ و... لەم چەشنە کارانەش دا بوار بۆ رکەبەرایەتی و پێشکەوتن لاوازە. یان بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە خاوەنکارەکان باوەڕیان بە تواناییەکانی ژنان نیەو ئامادە نین هێندێك کار بە ژنان بدەن ، تەنانەت ئەگەر ژن و پیاو لە جێگەیەك کار بکەن و کارەکەیان وەك یەك بێ دیسانیش مووچەی ژن لە هی پیاوەکە کەمترە. چونکە بە هێزی کاری پلە دوو چاو لە ژن دەکرێ. بۆیە ژنان یەکەمین کەسەکانن کە دەکەونە بەر زوڵم و ستەمی خاوەنکارو یەکەم کەسەکانیشن کاریان لێ‌دەسەنرێتەوە.

گەشەسەندوویی و کێ بەرکێ لە دنیای ئابووریی ئەمڕۆدا، یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکانی هەر وڵاتێك. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کەڵك وەرگرتن لە هێزی کارو توانایی ژنان پێویستییەکی حاشا لێ‌نەکراوە. ئەوەش ئەرکی حکوومەتی هەر وڵاتێکە کە هەلومەرجی لەبار بۆ ژنان پێك بێنێ تا بتوانن لە ئابووری و پێشکەوتوویی وڵاتدا رۆڵیان هەبێ.

ئامارەکان لە سایتی "کانون زنان ایران" وەرگیراون



بۆ ناردنی بابەتەکانتان بۆ لاپەڕەی کۆمەڵایەتی پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بگرن:
komelayeti@hotmail.com

## ڕۆژنە

# چی ماوە بە تاڵانی نەبەن؟!

عەلی بداغی

شوناسی کلتووری و کۆمەلایەتی و سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەك، هەر نەتەوەیەك رەچەڵەك و بناخەو چاوگی کلتووری ئەو کومەلگەو نەتەوەیەیە. ئەو شوناسە رووگەیەکە پێت دەڵێ کێی؟ چی و لەکوێ را هاتووی و لە کوێی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ژیاری مرۆیی دا جێت گرتوە؟ لە کۆمەڵناسیی میراتی کلتووری دا ئەو شوناسە لە گچکەترین و پاژترین وردە کلتوورەکانەوە هەتا گرنگترین لایەنە کلتوورییەکان لە خۆوە دەگرێ.

میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەك هەموو ئەو ماتریال و بەرهەمە مادی و مەعنەوی‌یانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شووناس و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە رێڕەوی مێژوو دا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتیە لە شوێنەوارە مێژووییەکان، کەلوپەل و ئەو بەرهەمە عەنتیکەیانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ و لە راستی دا ئەوە میراتە کلتوورییەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو،داب ونەریت،باوەڕوبەها و بایەخە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنییەتیی ژیان و هۆنەرئەفراندنی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

بەڵام لە کاتێك دا کە لە سەردەمی گلۆبال دا میراتە کلتوورییەکانی نەتەوەکان وەك شوناس وپێناسی نەتەوەییان لە هەوڵی بە جیهانی کردنی دان، میراتە کلتوورییەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەتاڵان دەبردرێ، هەولی شێواندنی دەدرێ، تێکەوە دەپێچرێ‌و لە بێدەنگی دا لە نێو دەبردرێ و مەبەست و ئامانجی ئەم پرۆسەیەش تواندنەوەو ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کوردو بێ بەش کردنی ئەو نەتەوە لە میرات ومێژووی چەند هەزارساڵەیەتی.

پاراستنی میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەك بە چەند هۆ زۆر گرینگە. یەکەم ئەوەی کە ئەو میراتە تەعبیر لەمێژووو رابردووو گۆڕانە مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیە دەکەن و چییەتی و کێ و چۆن بوونی ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژووییەکەی دا باس دەکەن وشایەدی بۆ دەدەن.

دوویەم ئەو میراتە کلتوورییە نەك هەر لە رووی مەعنەوییەوە بەڵکوو لە رووی مادیشەوە بایەخی زۆری هەیەو دەتوانێ پەرە بە سەنعەتی توریسم و بازاری گەشت و گوزاری ئەو نەتەوانە بدا. بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵك وەرگرتن لە هەژاریی کلتووریی و ئابووریی خەڵك و بە وریایی وپلانی تایبەتەوە و بە مەبەستی شێواندن و ئەستاندنەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لەو گەلە ئەوەندەی بۆی کراوە شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەو میللەتەی لە رۆژهەلاتی کوردستان تێك داوە، کەلوپەل و عەنتیکەکانی تاڵان کردوەو لە نێوەدا چی تەعبیری لە پێگەی مێژووی کورد وەك نەتەوەیەك لە رێڕەوی مێژوودا کردوە، لە نێوی بردوە.

رێژیمی ئیسلامیی ئێران دوا بە دوای سەپاندنی شەڕ بە سەر نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی بەرنامەی لە پێش دا پلان بۆ دارێژراو زۆربەی نزیك بە تەواوی قەڵاتەکانی کوردستانی گرت وبنکەو مۆڵگەی سوپاو دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی لێ دامەزرادن و لە بنەوە چی ئاسەواری مێژوویی و گرانبایی بوو هەر لە لایان خۆیانەوەبە تاڵان بران و بەشێکی یەك جار زۆریشیان فەوتێندران. بە تاڵان بردنی کەلوپەل و ئاسەوارە مێژووییەکانی "قەڵایچی" لە گوندی قەڵایچیی بۆکان، قەڵای "زێویە"ی شاری سەقز, قەڵای ماران لە شەرەفکەندو نیسکاواو ئەژدیهای داشی باخچەی تەرەغەو بە بیانوی دروستکردنی تاریکە بازاری قەڵای سەردار لە شاری بۆکان دزینی ئاسەوارە مێژووییەکانی ئەو شوێنە ودۆزینەوەو بە تاڵان بردنی هەزاران کەلوپەلی عەنتیکە نموونەو بەشێکی زۆر بچووکی ئەو تاڵان بڕییەن لە بەشێکی چووکەی کوردستان.

هەر لەو ماوەیەش دا بڵاوبوونەوەی هەواڵی لە نێوچوونی یەکجارەکیی ئاسەواری مێژووی قەرەکەند لە شاری بۆکان ورووخاندنی قەڵای کۆشکە لە لە شاری سەقز بە بیانوی دروستکردنی نەخۆشخانەیەك پەرەی بەو نیگەرانیە دا کە بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بە ئاگاهاتنەوەی رۆڵەکانی کوردو هەول و تێکۆشانیان بۆ پارێزگاری لە میراتی کەلەپووریان هەروا درێژە بە سیاسەتی لە نێوبردن و فەوتاندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی گەلی کورد دەکەن. سەیر لەوە دایە کە رێژیم زۆر گالتەجاڕانەو لە ژێر ناوی پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا سیاسەتی شۆڤینانەی خۆی دەباتە پێش، بۆ وێنە وەك بلێی دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە لە شاری سەقز لە هیچ جێیەك مەیسەر نابێ، جگەلە تەنیشت قەڵاتی کۆشکەڵە نەبێ! ! ئەمرۆکە میراتی کلتووریی ئێمەی کورد لە دوو لاوە لە مەترسی دایە. لەلایەك کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران وەك دوژمنێك هەوڵی شێواندن و فەوتاندن و لە نێوبردنی دەداو لەلایەکی دیکەش لە نەبوونی حکوومەت و کیانێکی سیاسیی سەربەخۆداو لە ژێر کار تێکەریی شەپۆلەکانی بە جیهانی بوون دا کەمتر ئەو هێزو توانایە شك دەبا شوناس و پێناسی کورد لە کۆمەلگای نێونەتەوەیی‌دا بەرجەستە بکاو دەری بخا.

هەر ئەوەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەرشانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی وبە تایبەت حیزبە سیاسیەکان، ناوەندو کۆڕو لایەنە رووناکبیرەکان کە بە وشیارییەوە لەمبارەوە هەستیارو لە سەر پێ بن. پێویستە ئاستی وشیاریی گشتیی خەڵك لە پێوەندی لەگەڵ گرینگیی لە رادەبەدەری ئاسەوارو میراتە کلتووریەکانی نەتەوەکەمان بچێتە سەرترو کۆڕو ناوەندە نێونەتەوەییەکان لە سیاسەت و کرداری رێژیم لە هەمبەر میراتی کلتووریی کورد کە بێ گومان بەشێك لە مێژووی شارستانیەت و مروڤایەتییە ئاگادار بکرێنەوەو ئیزن نەدرێ کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدەست ئاوەڵەییەوە درێژە بە جێبەجێ کردنی پیلان و سیاسەتە شۆڤینیەکانی خۆی بدا.

# کورتەیەک لە بارەی مێژووی هونەر و مۆسیقا لە سەدەکانی نێوەڕاستدا

ئارەش | بەشی سێیەم | و: ئاڵەشین

### موسیقا لە رۆمی کۆن دا

دوای یۆنـان ئیمپراتـۆری مـەزنی رۆم سەری هەڵدا کە پێنج سـەدەی خایانـد. لـە سـەرەتادا فەرهـەنگی رۆمی لە ژێر کاریگـەری و بانـدۆری یۆنانییـەکان دا بـوو لـە هـەموو بوارێکـەوە سـوودی لێـوەردەگرت بەتایبەتی لە بـواری موسیقاوە کە زۆر گـرینگ بـوو. رۆمییـەکان لـە یونانییەکانـەوە فێـری مۆسـیقا بـوون. بـەمجۆرە موسـیقاو سـازە موسـیقاییە یۆنانییـەکان لـە رۆمـدا بـوون بـەباو و بـە دوای ئـەوەدا موسـیقاری رۆمـی سـەریان هەڵدا. ئەو بەرهەمە مەزنانـەی بـەڕێوەیان دەبـردن، بـەڕێوەبردنی موسـیقای ڕێورەسمـــە ئـــایینی و جێژنـــە دەربارییەکان بوون. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ زیاتر لە میوانی و جێژنـەکان دا موسـیقا لـە گـۆڕێ دابوو هەتا ڕێورەسمە ئایینییەکان. مێژینـــەی موســـیقا لـــە رۆمـــا دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین.

لـەو ولاّتـەدا هـەژارو نـەدارەکان دەبـوون بـە ژەنیـارو گۆرانیبێـژی گـەڕۆك و بـەو شـێوەیەی گـۆرانی بێژی گەڕۆك پەیدا بوون.

ئـەو گۆرانیبێژانـە شاربەشـارو گوندبەگوند دەگەڕان و لە شەقام و شـوێنە گـشتییەکاندا ژەنیـاری و گۆرانیبێژی و تەنانەت تەڕدەستی-یان دەکرد کە خەڵك پێـی سـەرقاڵ دەبوون و دواتـر ئـۆپێرا بـە کۆپیـە کردن لەوانە پێك هات.

کە مەسیحییەت لـە رۆم دا جێـی خـۆی گـرت توخمـەکانی میلـۆپێی یۆنـــانی و لاتینـــی لەگـــەڵ خوێندنـەوەی ئایەتـەکانی عیـبری ( pslameduc جۆرێکـە لـە شـێعر کە بە دەنـگ دەخوێننـەوە) ئاوێتـە بـوون. لـە ئاکـامی ئاوێتـە بـوونی موسیقای کلێسەکان کە پڕ بوون لە ناسکی و رازاوەیی لەگەڵ موسیقای هێمۆفۆنیکی یۆنـانی کـە ئینتیمـای بـــە خوێندنـــەوەی شـــێعری داســـتانییەوە هـــەبوو، ئـــاوازی کلێـسەی مەسـیحایەتی پێکهـات. پێویست بە وتنە یۆنانییـەکان هـەر شـتێکی برگـەکانی لەگـەڵ نۆتـەدا یـــەکی نەگرتبایـــەوە رەدیـــان دەکـــردەوەو وەك موســـیقای مەجلیـسی بـە تونـدی خۆیـان لـە کروماتیزم دەبوارد. ئـەو موسیقایە بـە هـۆی ئـەوەی لـە بـەڕێوەبردن‌دا لەگـــەڵ شـــێوەی بەڕێوەچـــوونی ڕێورەسمـە ئاینییـەکان وەك یـەك بوو، هەر چەشنە مەیل و گرۆییەکی بەلای هاوکێشی‌دا وەلا دەناو رەدی دەکـردەوە. بۆیـە بـە "پـلان شـن" (ئـاوازی نـا رێکـوپێکی نزیـك بـە (دکلاماسیۆن) ناوی دەرکرد.

ئێـــستاکە دەتـــوانین بینـــەری کارتێکـــەریی مێلـــۆدی و گوتـــاری یۆنانی لە ئورووپای رۆژئـاوادا بـین. بە جۆرێك کـە لـە "ئیمپروپێریا"دا کـە لـە ئـایینی نوێـژو پارانـەوە پێکدەهات و لە رۆژگـەلی تایبـەت دا بـەڕێوە دەچـوو، کاتێـك گـروپ بـە لاتینـــی دەیانگوتـــەوە کۆرســـی بەرانبـــەر بـــە یۆنـــانی وەلاّمیـــان دەدانەوە کە ئاوازەکانیـان رەنـگ و بـــۆنی یۆنـــانیی پێـــوە دیـــاربوو. تەنانەت وتـارو ئەنجیلـەکان (چـوار ئـــەنجیل) کـــە رێورەسمـــە ئایینییـەکانی پـاپدا، لـە کلێـسەی سـێن پـیتر لەلایـەن قەشـەکانەوە (راهب) پێشکەش دەکرا یەکەم جار بـە لاتینـی و دوایـیش بـە یۆنـانی دەخوێنرایەوە. هەنووکـەش کۆپلـە شێعری "ئاللویـا" کـە لـە کلێـسەی "بارکینگ" دا ماوەتـەوە بـەردەوام بـە زمـانی لاتینـی و یۆنـانی لـە رێورەسمـــــە تایبەتییەکانـــــدا دەخوێنرێتەوە. لە رۆما وەك چاخی زێڕینـی یۆنـان، زەمـەن - زەمـەنی پێـشکەوتن و شارسـتانیەتی بـوو. زۆربـەی ئیمپراتۆرەکانیـان ئـۆگری موسیقا بوون و یارمەتی زۆریان بە گەشـەو پـەرەگرتنی ئـەو هونـەرە کرد. بە رادەیەك بڕەوی سـەند کـە هێندێك شـانۆیان بـێ وتـەو پـەیڤین تەنیا بە موسـیقاوە بـەڕێوە دەبـرد کـە پێـی دەڵـێن پـانتۆمیم. (پـاش ماوەیەك پانتۆمیم بە تەواوی لە بیر رۆمییـەکان چـۆوەو تـا ئـەوەی کـە چـــارلی چـــاپلین کۆمێدییـــەنی هەڵکـــەوتووی ســـینەما زینـــدووی کردەوە.





# پاساریی پاییز

خەبات رەسووڵی

کە گەیشتمێ مینـیبووسـەکە پـڕ ببوو - دەرزیت هەڵاوێشتبا وەئەرزی نەدەکەوت - هەناسەکان بە سەختی دەهاتنەدەر.

بەرانبـەر بـە پیرێـژنێك لـە سـەر چوارپایەیەك دانیشتم و هەرام کرد - کـاکی شـۆفیر جـێ نـەماوە وەڕێ کەوە.

بـەڵام دەتگـوت گـوێی لـە دەنگـم نـەبوو. پـاش قـەدەرێك یـەکێ لـە پـشتەوە هـەرای کـرد: ئـەرێ لـە گەرمان مردین بۆ نارۆی؟

شۆفیرەکە بە قەڵسیەوە گەڕاوەو گوتی: با ئـەو چـوارپایەش پـڕ بـێ. ئاوڕم داوە چوارپایەی خاڵیم نەدی - سـەرم سـوورِ مـابوو. پاشـان بـە ناقایلی وەڕێ کەوت.

نـەم دەزانـی - بـۆ سـواری ئـەو مینیبووسە بووم؟ بۆ کوێ دەچێ؟ تەنیا دەمزانی سواربوون لە دابەزین باشترە.

وردە وردە خـەو مـسافیرەکانی داگرتـوەو یەکـە یەکـە خـەو دەیـان باتـەوە. بـەڵام ئـەو پیرێژنـەی بەرامبەرم - چاوە پڕ لە چرچەکانی بێ تروکان بڕیوەتە چاوم.

دەڵێی دەم ناسێ. منیش دەڵێـی لە جێگایەك دیومە. وەك لە شاییەك یان شـینێك پێکـەوە بـووبێتین، وە بیرم نایەتەوە.

بـە سـەرو لێـو سـلاوێك دەکـەم. بەڵام بێ وڵامدانەوە سەری دادەخا. یانی چی؟ بۆ؟

هەڵکێشێکی رەشی هەڵکێشاوەو چارەکەیەکی سەوزی گوڵ سووری بـە کۆڵەوەیـە ئـەو تاڵـە سـپیانەی سـەری کـە بـە حـاڵ لـە بـن لەچـکەکەیەوە وەدیـار کـەوتوون، گەورەیـیـەکی دایکانـەی پـێ بەخشیوە، چەن پیرێکی جوانە! لە خۆوە دڵم رادەچڵەکێ. تەلیسێکی بەنی لەبەر لاقی راکێشاوە. دەڵێی پڕە لـە قـاپ و قابڵەمـەو گۆزە. بە سەرنجێکی زیـاترەوە تێـی دەڕوانم. قامکـەکانی مـست کـردوەو هێـور مستی دێنێتـە سـەرێ - بـەڵام پـاش قـەدەرێك بـەری دەداتـەوە خـوارێ. دیسان دەستەکانی لە سەر سینگی کـۆ دەکاتـەوە. وەك ژنێکـی مندالّەبەر رایدەژێنێ. برووسکەیەك بە مێشکمدا دێ.

- خودایە ئـەو ژنـە لـە بـیری چـی دایـە - چـی وەبـیر هاتۆتـەوە. فرمێسك لە چاویدا قـەتیس مـاوە - لە پڕ سـەری هەڵـدەبڕێ و چـاو لـە ئاسۆ دەکـا. بـە دەنگێکـی لـەرزۆك بـانگ دێڵـێ - کاکـە بـە قوربـانی دەستت بم لێرە رایگرە. شۆفیرەکە بـە سـەر سـوڕماویەوە دەڵـێ پـورێ لەو دەشتە؟ سـەرێك رادەوەشـێنێ. هێزێـك لـە دەروونمـەوە پـاڵم پێوەدەنێ تۆش دابـەزە - بزانـە بـۆ کوێ دەچێ. لەگەڵ ئـەو دادەبـەزم. دەست دەداتە تەلیسەکەی و دەڕوا — بـە گردێکـی تـەق تـەقانی‌دا هەڵدەگـەڕێ. دوورو نزیـك هـەر بـە دوایەوەم. لـە گردەکـە ئـاوا دەبـێ، نایـەڵم لـێم ون بـێ. دەگاتـە تەپۆڵکەیـەك رادەوەسـتێ - تەلیـسەکەی دادەنـێ و گۆزەیـەك و مەنجەڵەکـەی دادەمـەزرێنێ و بـە گردەکەدا سەرەوخوار دەبێتەوە. تا چاوم هەتەر دەکا - دەبینم. بەرەو چۆمی دەڕوا. واقم وڕماوە - ئـەرێ ئەوە شێتە یان ...

پـاش مەعبـەینێك بـە گۆزەیـەك ئاوەوە دەگەڕێتەوە - پشووی سوار بـووە. بـەڵام زوو هەڵدەسـتێ و ئاوەکـە دەخاتـە سـەر کوچـکاورو ئـــاگری دەدا. پێمەڕەیـــەکی چکۆلەش، لە تەلیسەکەی دەردێنـێ و دەســت بــە هەڵکەنــدنی ئــەرزی دەکـا. لـەوە زیـاتر نـاتوانم دان بـە جەرگمدا بێنم. وردە وردە لێی نزیك دەبمەوە. ئاگای لێم نیە - لە پـەنای دادەنیـشم و گـوێ هـەڵ دەخـەم. گۆرانیەکی تێکـەڵ بـە گریـان - وەك لاواندنەوەی منالّ.

وردە وردە دیـاردەی قـەبرێك وەدیار دەکـەوێ - بـەردە پانـەکانی بە زەحمەت لە سەر لادەدا. تـەرمی لاوێـك وەدەر دەکـەوێ - بـە کەواپانتۆڵ و پەستەکەوە نێژراوە. کەوشیـشی لـە پـێ دایـە - پـشتێنی گرێچن. هەموو دەموچاوی شەلاڵی خوێنە. بـە دڵـم دادێ - لـە بـەر ئـەو پشتێنە گرێچنەت مرم.

پیرێژن دەچێتە نێو گۆڕەکـەوەو منـیش بـەدووی‌دا. ئـەو سـەری هەڵدێنێ و من لاقی. بەڵام قـەوەمان پێی ناشکێ. بەردەبێتەوە خـوارێ - سـێبەرێك بـە سـەرمان‌دا دێ. سـەر هەڵ دێنم - شوانێك بە گۆچانێکەوە راوەستاوە، وادیارە حەپەساوە، لە پڕ بەرەو خوارێ هەڵ دێ. گیانمان ئارەقەو خوێنی لێ دەچۆڕێ. بەڵام هیچیشمان پـێ ناکرێ. پیرێـژن بە سەلا دەگری - هەی رۆ - هەی رۆ - شـەماڵم رۆ. زوو زوو سـەرو کاکۆڵی ماچ دەکا.

- شەماڵ - دایکت مرێ دەهەستە

- شەماڵ گیان ئەوە بۆ هەڵناستی!

— شـەماڵ لـەپڕ بێخـود دەبـێ و بە سەریدا دەکەوێ. ترس دایگرتـووم - چ بکەم - من ئێـرە بۆ هـاتووم. لە قەبرەکـە دێمـە دەرێ و لـە پـەنا بـەردێك هەڵدەتروشـکێم و سـەرم دادەخەم.

لە خوارەوە دەنگە دەنگێك دێ. سـەر هـەڵ دێـنم. مەلایـەك و حەشـیمەتێك و دوو پاسـدار لـە پێـشەوە بـەرەو سـەر هەڵگـەڕاون. هەسـتێك هـانم دەدا. لـە چـەکەکەم دەگەڕێم - لـە پـڕ وەبیرم دێتـەوە - چەکی چی؟ تۆ کەی چەکت بووە. دادەنیشمەوە - دێنە سەرێ.

خـەڵکی هـەموو بـە دیتنـی ئـەو دیمەنـە واقیـان وڕمـاوە - تاقمێـك دڵیان پڕەو دەگرین. بە پەلە ژنە لە قەبرەکە دێننە دەرێ و ژنان دووری دەخەنەوە.

مەلا بە فارسـی بـە پاسـدارێکیان دەڵێ:

- جەناب سرگرد مـادر بیـچارە را مـیبینـی، بـدبخت و دیونـە شـدە. اجـازە مـیدی بـە خـاطر دل او هـم شدە بر روی میت نماز بخونیم.

سەرگورد ناوێرێ بڵێ نا. وشەکان لـە گـەرووی‌دا پـەنگ دەخۆنـەوەو سەری بە نیشانەی رازی بـوون بـەر دەداتـەوە. هـەر لـەوێ لـە سـەر بـەردێك دەیـشۆن و لـە کفنـی دەپێـچن. وەخـۆ دێمـەوە. لەگـەڵ خـەڵکی نوێـژم دابەسـتوەو نوێـژ دەکەم. پاشان دەستێك بە ردێنمدا دێنم - یاڕەبی خـوا عـافوی بکـا. لاوێـك لـە پـشت منـەوە بـەکوڵ دەگری. ئاوڕ دەدەمـەوەو دەسـتێك لە سەر شانی دادەنێم.

- مەگری، شەهید بۆ گریان نـابێ، تۆ تۆڵـەی کەوە- دەڵێـی گوێی لـە قسەکانم نیە. راوەستاوەو دەگری - خـــەڵکی لـــە گۆڕەکـــە دوور دەکەونـــەوە. پیرێـــژنیش لەگـــەڵ خۆیان دەبەن، کوڕەو من لە پـەنای گۆڕەکە دانیشتووین.

دوو بـەردیان لـە جیـاتی کێـل بـۆ چەقاندوە. کوڕە دەست بۆ گیرفانی دەباو ماژیکێك دەردێنـێ و لـە سـەر کێلی سەرەوە دەنووسێ:

"نامرن ئەوانەی لـە دڵـی میللـەتا ئەژین"

پاشـــان هەڵدەســـتێ و دەڕوا - منـیش دەبـێ بـڕۆم - تـەکان لـەخۆ دەدەم هەسـتم لـە ناکـاو سـەرم وە بەردێك دەکەوێ - چاوم هەڵ دێنم - ئایش خۆ ئەوە منم ....

دایکم هەمیشە پێی دەگوتم
ژینی بێ ئازادی مەرگە
بۆ بەخشینی مانا بە ژیان
رابن بین بە پێشمەرگە

***

پێشمەرگە جوانترین مانای
نەترسی و ئازایەتی یە
پیرۆزترین جلوبەرگیش
بەرگی پێشمەرگایەتی‌یە

***

دایکم لە نێو دڵی من دا
سەوزترین مانای ژیانە
بەڵام لەو زۆر خۆشەویستتر
ئاو و خاکی نیشتمانە

هۆزان

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 509 5 May 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

## هێرش بۆ سەر ئازادیی چاپەمەنی، هێرش بۆ سەر مرۆڤایەتییە

قادر وریا

ئەمساڵ، بە بۆنەی سێهەمی مانگی مای (ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی)، ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، بەیاننامە و هەڵوێستی گرنگ و سەرنجڕاکێشیان هەبوو. ئەوان قامکیان دانایە سەر کۆسپەکانی بەردەم ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و، وێڕای ڕیسوا کردنی دوژمنان و نەیارانی ئەو ئازادییە، ڕێزیان لە قوربانیانی ئازادیی بیروڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسانی ئازا نا. بەم بۆنەیەوە سەرنجی خوێنەرانی ئەم ستوونە بۆدوو لێدوان لەم پێوەندییەدا ڕادەکێشین:

**بەیاننامەی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان :**

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی حکوومەتان لە بارەی ئازادیی چاپەمەنییەوە بە کەمتەرخەمانە و ڕیاکارانە دەزانێ. حکوومەتەکان لە سەرانسەری جیهاندا بە سەپاندنی سانسۆر، دووڕوویی و کەمتەرخەمی، ڕۆژنامەکانیان بردۆتە سەر لێواری هەڵدێرگەو، هەر ئەمەش بووە بە هۆی سنووردارکردنی دیموکراسی و ئازادییە مەدەنییەکان.

لەژێرچاوەدێری گرتنی هەواڵنێران و فشار خستنە سەر ڕۆژنامەنووسان بۆ لەقاودانی سەرچاوەکانی زانیارییەکانیان، بەتوندی روو لە زیادبوونە. هەر ئەمەش هۆی پێکهاتنی کەشوهەوایەکی ترسێنەرانە لە کاری ڕاگەیەنێك دایە کە سانسۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، دەکا بە ڕێسای کاری خۆی. هەر بەم هۆیەوە فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی خۆی لە کۆنفرانسی دۆحەی قەتەر دا بەشداریی نەکرد کە بە هۆی یونسکۆ و دوڵەتی قەتەر لە ڕۆژانی ٢ و ٣ی مانگی مای ٢٠٠٩ (١٢ و ١٣ی بانەمەڕی ١٣٨٨)دا پێك هات و، ڕای گەیاند ئەم کۆنفرانسە لە وڵاتێك بەڕێوە دەچێ کە [بە ڕواڵەت] پشتیوانی لە ناوەندێکی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد دەکا، بەڵام ڕێگا بە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتی خۆی نادا یەکیەتی یا ئەنجومەنێکی سەربەخۆ پێك بێنن. فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان لە جیاتی بەشداری لە کۆنفرانسی دۆحەی قەتەر، لە ڕێورەسمێك دا بەشدار بوو کە بە بۆنەی کرانەوەی دەفتەری ناوچەیی فیدراسیۆن لە بەحرەین بە مەبەستی بەرەوژوور بردنی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی پێك هات. چونکە پێی وایە لانی کەم ئەوێ شوێنێکە کە دەنگی ڕۆژنامەنووسانی تێدا دەبیسترێ.

**پەیامی بان کی مون بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنییەوە:**

هەر وا کە ئاو بۆ گەشەی ژیان پێویستییەکی بنەڕەتییە، ئاگاییش بۆ پاراستن و بەردەوامیی تواناکانی ئێمە لەمەڕ وێناکردن و گۆڕان پێویستە. ئەو کاتەی زانیاری بە شێوەیەکی ئازاد لە گەڕان دابێ، خەڵك بە ئامرازی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانیان تەیار دەبن. بەڵام کاتێك گەڕانی زانیاری چبە هۆی سیاسی، چ بە هۆی تیکنیکی، پێشی پێ بگیرێ، تواناکانی ئێمە بۆ تێکۆشان، دەوەستن.

شێست ساڵ لەمەوبەر، دارێژەرانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە مادەی ١٩ی ئەو بەیاننامەیەدا ڕایان گەیاند کە "مافی هەر مرۆڤێك بۆ ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین، کە دەربڕینی زانیاری و بۆچوون لە ڕێگای چاپەمەنییش دەگرێتەوە، سنوور ناناسێ." بەو هۆیەوە کە ڕەوتی بەجیهانیبوون بەهێز بووە، پەرەئەستاندنی چاپەمەنیی ئازاد، پلۆڕال و سەربەخۆ و گرنگیی ئەو مافە هیچ کات بەقەرا ئێستا خۆی دەرنەخستوە. پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکییەکان بوون بە هۆی پێشکەوتنی چاپەمەنی و، ئەدەبیاتی ڕاگەیاندن وەك مافی هەمووان بۆ دەستڕاگەیشتن بە یەکسانیی لێ هاتوە.

ڕاگەیاندنی ئازاد، پارێزراو و سەربەخۆ بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئاشتی و دێمۆکراسی دەژمێردرێ. هێرش بۆ سەر ئازادیی چاپەمەنی، لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر یاسای نێونەتەوەیی، هێرش بۆسەر مرۆڤایەتی، هێرش بۆ سەر ئازادی و هەموو ئەو شتانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان داواکاریانە. هەر بۆیە من لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر لەوە کە هەواڵنووسان لە سەرانسەری جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەونە بەر هێرش، نیگەرانم و، کاتێك ئەم جۆرە تاوانانە بەوردی لێیان ناکۆڵرێتەوە، ناهومێد دەبم.

لە ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی و، ڕاست لە ٦٠ ساڵەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ دا، داوا لە هەموو کۆمەڵەکان دەکەم تا لە هیچ هەوڵێك بۆ دادگایی کردنی هێرشبەران بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان درێغ نەکەن. من سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە هەلومەرجێکی دژوار و پڕمەترسیدا سەبارەت بە دابینکردنی زانیاریی ئازاد و بێلایەنانە، خۆیان بۆ ئێمە ماندوو دەکەن. داوا لە هەموو لایەك دەکەم لە پێناوی ئازادی و پاراستنی چاپەمەنیدا، لە هەر جێیەکن، تێبکۆشن.

## وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

### وێبلاگی هەڵوێست نێت

وێبلاگێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی سەربەخۆیە.

بابەتەکانی وەك: چۆن ڕاستییەکان هەڵسەنگێنین؟ با هەموو ڕۆژ هەڵبژاردن بێ، پایزە ئەنفال، سەمفۆنیی هەتاو، ڤیدیۆ کلیپێك لە ئیعتیاد، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی دا، نامەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ وەزیری نێوخۆی حکوومەتی هەرێم، ئەنفالی چوارەم چۆن بینی. ڕادیۆو تەلەفزیۆن .. گۆرانی و زمان و برووسکەیەکی بەپەلە و ... کۆمەڵێك لە بابەتەکانی لاپەڕی یەکەمی ئەو وێبلاگەن.

نوێترین بابەتی ئەم وێبلاگە لە ژێر ناوی "نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران داو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت" لە نووسینی کاوە ئاهەنگەری باس لە کوردە بەناو ئیسلاحخوازەکان لە ئێراندا دەکا. نووسەر وێڕای پێناسەو شیکردنەوەی هەڵبژاردن وەك کردارێکی سیاسی و ژیرانە دێتە سەر هەستیاربوونی ئەم خولەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و باس لە گرنگیی بەشداریکردن و نەکردنی کورد و پەیامەکەی بە وڵاتانی دەرەوەو دەسەڵاتی ئیسلامی دەکا. پاشان لە بارەی بەڵێنەکانی سەرکۆمارانی پێشوو دەدوێ و تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە ڕیفۆرمخوازان کورد و پاڵێوراوی ئەم خولە واتە میرحوسێن مووسەوی خستۆتەڕوو.

خوێنەری بەڕێز دەتوانێ بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم وێبلاگە سەردانی ئەم ناوونیشانە ئینتێرنێتییە بکا:

**http://www.helwist.com/**


helwist.com
Kurdish independent left web publication
مافی دیاریکردنی چارەنووس سەرەتاییترین مافی گەلی کوردە
هەڵوێست
نێت بلۆگێکی سیاسی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆیە


## عەلی ئەکبەر مورادی کۆنسێرتێکی تەنبووری لە بەریتانیا بەڕێوەبرد



هونەرمەندی موزیکزانی کورد عەلی ئەکبەر مورادی بە ئامێری تەنبوور لەم ڕۆژانە لە یەکێك لە زانکۆکانی وڵاتی بەریتانیا، کۆنسێرتێکی توێژینەوەیی تەنبووری ناوچەی کرماشان پێشکەش کرد.

ئەم کۆنسێرتە توێژینەوەییە کە لە دوو بەشی جیاواز پێکهاتبوو، تایبەت بوو بە ناساندنی موزیکی مەقامەکانی تەنبووری ناوچەی کرماشان. لە بەشی یەکەمی ئەم کۆنسێرتەدا هونەرمەند عەلی ئەکبەر مورادی سەبارەت بە هونەری موزیکی تەنبوور بۆ ئامادەبووانی بەرنامەکە دوا کە زۆربەیان قوتابیی زانکۆ بوون.

هەروەها لە بەشی دووەمی کۆنسێرتەکەدا هونەرمەندی موزیکزانی ناوداری کوردستان عەلی ئەکبەر مورادی بە هاوڕێیەتیی کوڕەکەی (ئارش) وەکوو ئامێرژەنی تەنبوور، سێ تار و دەف چەندین پارچە موزیکی ڕەسەنی پێشکەش کرد.

ناوبراو هەر لە درێژەی کار و چالاکییە هونەرییەکانیدا ماوەیەك بەر لە ئێستا بە ئامێری تەنبوور بە هاوڕێیەتیی ئۆلاش ئوزدەمیر کەئامێرژەنێکی باغلەمەی خەڵکی تورکیەیە بە تێکەڵکردنی مەقامە مەجلیسییەکانی تەنبوور و موزیکی تورکیە بۆ ماوەی شەوێک لە شاری سیویل لە وڵاتی ئیسپانیا لە کۆنسیرتێکی هاوبەش دا چەندین پارچە مەقامی مەجلیسی تەنبووری ناوچەی کرماشان و موزیکی عەلەویانی وڵاتی تورکیەیان پێشکەش کرد.

## ڕەزا سەید حوسێنی وەرگێڕی بە توانای فارس کۆچی دوایی کرد



ڕەزا سەید حوسێنی وەرگێڕی بەتوانای فارس ڕۆژی هەینی ١١ی بانەمەڕ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

سەید حوسێنی لە پار ساڵەوە تووشی نەخۆشی هاتبوو و بە وتەی پزیشکان بەشێکی سیەکانی چڵکیان هێنابوو، هەر بۆیەش لە پازدەی مانگی ڕابردووەوە تا کاتی مردنی لە نەخۆشخانە کەوتبوو.

سەید حوسێنی ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی لە ئەردەبیل هاتە دنیاو دیپلۆمی پێوەندییەکانی وەرگرت و پاشان هەر لەم لقەدا لە فەرانسە درێژەی بە خوێندن دا. ناوبراو لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەستی بە وەرگێڕان کرد.

هێندێك لە بەرهەمە بەنرخەکانی بریتین لە "ڕێبازە ئەدەبیەکان"، "خەیاڵی عیشق"ی ماکسیم گورکی و "لایم لایت"ی چارلی چاپلین و "تاعون"ی ئالبێر کاموا و"دوایین شێوەکانی نازیم حیکمەت "، "دژی بیرەورییەکان" و "هیوا"ی ئاندرە مالرۆ و "داکۆکی کردن لە ڕووناکبیران"ی ژان پۆل سارتر و "ئابڕووچوو" بەرهەمی جاك لەندەن.

## بەڕێوەچوونی دووەم فێستیڤاڵی کولتووریی هەورامان



دوویەم فیستیڤاڵی کولتووری هەورامان ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە گوندی زەردەهاڵ دەستی پێکردو لە چەندین بەش و بڕگەی جیاواز دا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. لەو فێستیڤاڵە دا بێجگە لە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی خەڵکی ناوچەکەو سەردانی ماڵی هەڵبەستڤانان و پێشکەش کردنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری، ئاهەنگی بووك گواستنەوەی ناوچەی هەورامان خرایە ڕوو.

ئەم فێستیڤاڵە بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری میوانە جیاجیاکانی ناوچەکانی کوردستان و دەورووبەری هەرێم بەڕێوەچووو ڕۆژی دوویەم گۆزرایەوە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی و چەند کۆڕە شێعرێك بۆ شاعیران پێك هات و هەروەها چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر سەیدەی هەورامان ساز کرا.

## چاپ کراوی نوێ

### ژمارەی نوێی گۆڤاری ژنان



ژمارە ٢١ی گۆڤاری ژنان چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم ژمارەیەی ژنان کومەڵێك بابەتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، سیاسی و هەروەها ڕاپۆرتی کاروتێکوشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لە خۆ گرتوە.

